Zanco Journal of Human Sciences

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpC.27

# ئارکیتایپی وێنە عیرفانییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا "لێکۆڵینەوەیەکی ئەفسانەناسییە"

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Sawen Abdalrahman Mohemmed
Sawenabdull5@gmail.com

RECEIVED :30 /07/2025
ACCEPTED :07/10/ 2025
PUBLISHED :15/12/ 2025

**ساوێن عەبدوولڕەحمان/** بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان/ عێراق.

**بوشرا قادر کەسنەزانی/** بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان/ عێراق.

## پوختە

توێژینەوەی بەردەست بە ناونیشانی (ئارکیتایپی وێنە عیرفانییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا)، توێژینەوەیەکی (هەڵێنجراوی ماستەرنامەیە) بە میتۆدی ڕەخنەی ئەفسانەناسی شیکاریی کراوە. ، بەڵام ناچێتە ناو ڕەخنەی ئارکیتایپییەوە، کە تایبەتە بە شرۆڤەکردنی دەقەکان بەڕوانگەی دەروونناسییانەی (کارل گۆستاڤ یۆنگ). بەڵکو ئەم ڕەخنەیە بۆ شیکارییەکانی تەنها سوود لە چەمکی (ئارکیتایپ)ی ئەو زانایە وەردەگرێت، تا دەقە ئەدەبییەکان بەپشتبەستن بە چوارچێوە ئەفسانەییەکەی شیکار بکات

ئارکیتایپیش بە دەروونی کۆنەستی مرۆڤایەتی دەوترێت، کە کۆی ئەزموون، یادەوەری، چیرۆک، وێنە و هێما کۆنەکانی لەخۆیدا هەڵگرتووە و وەک میراتێکی هاوبەشی کولتووریی پاراستوونی، کە کۆی مرۆڤایەتی لە تێگەیشتنیدا هاوبەشن.

لەم توێژینەوەیەدا شرۆڤەکانمان تەنها وێنەی (ئارکیتایپی عیرفانی) دەگرێتەخۆی و لە سنووری عیرفان و بەتایبەت تەسەوفی ئیسلامیدا دەمێنێتەوە، دووبارەبوونەوەی ئارکیتایپەکانیش لە جیهانی عیرفانی ئیسلامیدا دەبنە بەڵگەی ئارکیتایپبوونییان. کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەمان شیعری کلاسیکی کوردییە و تیایدا تەنها شیعری ئەو شاعیرانە وەرگیراوە کە پابەندی ڕێباوەڕی عیرفانین، لەناو ئەوانیشدا تەنها ئەو شیعرانەی کە بە شێوەزاری (کوردیی ناوەندی) هۆنراونەتەوە. کارەکە بەجۆرێکە کە هەندێک لە ئارکیتایپی وێنە عیرفانییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا دیاریدەکەین، دواتر بۆ لێکدانەوەی وێنە ئارکیتایپییەکان سوود لە فەرهەنگی عیرفانی ئیسلامی و ماکی کوردییانەی کەشی شیعرەکان دەبەستین، لە کۆتاییشدا بەڕوانگەیەکی ئەفسانەناسییانەوە، ئەفسانە وەک پێکهاتەیەکی ئاین (عیرفان)، عیرفانیش لەناو دەقی کلاسیکی کوردیدا، شیکارییەکانمان دەخەینەڕوو.

**وشە سەرەکییەکان:**
ئەفسانە
ڕەخنەی ئەفسانەناسی
ئارکیتایپ
عیرفان
شیعری کلاسیکی کوردی

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## - ١پێشەکی

سەبارەت بە توێژینەوەکە کە بە میتۆدی ڕەخنەی ئەفسانەناسیی شیکاریی کراوە، میتۆدێکە سەر بە قۆناغی ڕەخنەی پاش- پاش نوێگەرییە و بە سوودوەرگرتن لە هەردوو ڕەخنەی مرۆڤناسی و دەروونناسی هاتۆتەکایەوە. بۆ شیکارییەکانی سوود لە چەمکی (ئارکیتایپ)ی زانای دەروونناس؛ کارل گۆستاڤ یۆنگ وەردەگرێت، تا دەقە ئەدەبییەکان بە پشتبەستن بە چوارچێوە ئەفسانەییەکەی شیکار بکات. بەم شێوەیە نەدەچێتە بواری دەروونناسییەوە و نە دەچێتە بواری مرۆڤناسییەوە، بەڵکو کەمە کەمە سوودیان لێوەردەگرێت.

شایەنی ڕوونکردنەوەیە ئارکیتایپەکان هێما نین، چونکە هێماکان لە ئاستێکی سنووردراری وەک: هاوڕێ، خێزان، هۆز، نەتەوەدا واتا دەدەن و هەر هێمایەک دەکرێت واتای جیاواز لە بازنەی جیاوازدا بگەیەنێت، بەڵام ئارکیتایپەکان جیهانین و لە فەرهەنگی مرۆڤەیاتیدا واتایەکی هاوبەشیان هەیە. لە ئەدەبدا لە شێوەی: (وێنە، مۆتیڤ، بابەت، کەسێتی، شێوازی گێڕانەوە)کانەوە دەردەکەون. (وێنەکان) کە: ژمارە، ڕەنگ، ئاژەڵەکان، شێوەکان، هەموو وێنەکانی ناو فەرهەنگی زمانی مرۆڤ دەگرێتەوە و چەند جۆرێکی لێ دەبێتەوە، لەم توێژینەوەیەدا جۆری ئارکیتایپی وێنەییمان وەرگرتووە، لەناو وێنەکانیشدا بۆ ئەم توێژینەوەیە (وێنە عیرفانییەکان) هەڵبژێردراوی ئێمەن، چونکە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەمان شیعری کلاسیکی کوردییە(شێوەزاری ناوەڕاست)، ئەم پانتاییەش بە هەبوونی بناغە و بیروباوەڕی عیرفانییانەوە هانی داین ئارکیتایپی وێنە عیرفانییەکان وەربگرین و پشتئەستوور بە فەرهەنگی زاراوە عیرفانییەکان و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکان دەقەکان شیکار بکەین، تا لە ڕێگەی ئەم میتۆدەوە بە ڕوانگەیەکی نوێ و ئەفسانەناسییانە دیوێکی عیرفانیانەی دیکەی دەقی شیعری کلاسیکی کوردی بخەینەڕوو. ئامانجمانە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە کە: ئایا بەکارهێنانی ئارکیتایپی وێنە عیرفانییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە چ شێوازێکە و لە چ ئاستێکدا؟ ئایا وێنەی ئارکیتایپەکانمان دەتوانن لە ئاست هەمان وێنەی ئارکیتایپەکانی دیکەی ناو جیهانی عیرفانی بەگشتی و عیرفانی ئیسلامی بەتایبەتیدا بن؟

## ٢- ناساندنی چەمکەکان

### ١.٢- ئوستوورە:

بە سەرنجدانمان لە بەشێک توێژینەوە و بابەتەکانی پەیوەست بەم باسەوە، جۆرێک تێکەڵی لەنێوان زاراوەکانی ئەفسانە، ئوستوورە، هەقایەتدا دەبینرێت. پێمان وایە هۆکاری ئەم تێکەڵییەش لای کورد دەگەڕێتەوە بۆ بەردەستنەبوونی بەرهەمی پێویستی ئەفسانەیی، تا بەرچاوڕوونی زیاترمان پێ بدات لە ناسینی چییەتیی ئەفسانەدا. لەناو ئەو زاراوانەدا، ئەفسانە و ئوستوورە تێکرژانیان زیاترە. ئوستوورە بریتییە لە ((چیرۆکی خواوەندەکان، پاڵەوانەکان و ڕووداوە گەردوونییە مەزنەکان کە لە زۆربەی کوولتووره جیاوازەکانی جیهاندا دەگێڕێتەوە. باس لە پرسە قووڵ و بنەرەتییەکانی وەک: دروستکردنی گەردوون و ڕەگەزی مرۆڤ، سروشتی خواوەند و ڕۆحەکان، کاتێک دەمرین چیمان بەسەردێت و جیهان چۆن کۆتایی دێت، دەکات. کە لەبارەی خۆشەویستی و حەسوودی، شەڕ و ئاشتی، چاکە و خراپە دەکۆڵێتەوە.))(ویلکنسن،٢٠٠٩، ٦)

ئوستوورە کە بە زمانی ئینگلیزی (mythology) پێدەڵێن، لە زمانی فارسی و عەرەبیشدا هەر (اسطوره–الأسطورة)ی بۆ بەکاردەهێنرێت. (خەزعەل ماجیدی) لە پێناسەی ئوستوورەدا دەڵێت: ((ئوستوورە[الأسطورة] چیرۆکێکە، چیرۆکێکی پیرۆزە، خودا و نیمچەخوداکان ڕۆڵی تێدا دەگێڕن، ڕووداوەکانی دروستکراو و خەیاڵی نین، بەڵکو واقعین کە لە سەردەمە سەرەتاییەکاندا ڕوویانداوە.) ئەم ناساندنە دڵنیایمان پێ دەبەخشێت لە مانا و زاراوەی ئوستوورەدا.

لە زمانی کوردیدا بە (ئەفسانەی خوداکان) و بە (ئوستوورە) یش ناودەبرێت. ئێمە بە ئوستوورە ناوی دەبەین، چونکە ڕامان وایە ئوستوورە مەودایەکی بنچینەیی جیاوازی لەگەڵ ئەفسانەدا هەیە، کە جیای دەکاتەوە لەوەی بەتەنها بەشێکی جیاوازی سەر بە ئەفسانە بێت و لەتەنیشت ئەفسانەکانی دیکەی وەک؛ ئەفسانەی پاڵەوانێتی و دڵداریدا ناوی (ئەفسانەی خوداکان)ی هەبێت.

جێی باسە ئوستوورە لەپێش ئەفسانەوەیە؛ کە پەیوەندی بە قۆناغێکی زۆر دووری مێژووییی، فەرمانڕەوایی خواوەندەکان

و باوەڕی مرۆڤەوە هەیە. هەرچی ئەفسانەیە لە قۆناغێکی دواتری مێژووییدایە و باسەکان بەزۆری پەیوەندی بە سرووشت و مرۆڤەکانەوە هەیە. هەرچەندە بیروباوەڕیی ئایینی تیایدا کزە؛ بەڵام هەیە و تێکەڵ بە بیروباوەڕی کولتووری دەبێت. ((ئەفسانە هەندێکجار لە ئوستوورە جیادەبێتەوە لەوەی کە پەیوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە نەک خواوەندەکان، هەندێک جاریش بەو پێیەی کە جۆرێک لە بنەمای مێژووییان هەیە، لە کاتێکدا ئوستوورە نییەتی؛ بەڵام ئەم جیاکارییانە ئەستەمە بە بەردەوامی بپارێزرێن.))(باڵدیک،٢٠٠١، ١٣٨) بەم شێوەیە سەرەتای ئەفسانە بە ئوستوورە دەستپێدەکات، کە چەمکی ئوستوورەش بەرانبەر ئەو باسانەیە کە بە دەوری خودا و نیمچەخوداکان، کردار و بڕیارە سەرسامکەرەکان، بابەت و ڕووداوە سرووشتی و گەردوونییەکان و پەرستشە ئایینییکانەوە دەسوڕێتەوە. هەر بۆیە لێرە بەدواوە کە ناوی ئەفسانە دەهێنین مەبەستمانە لەو ئەفسانەیەیە کە بە ئوستوورە دەستپێدەکات و بەشێکی گرنگی ژانری ئەفسانەیە.

**٢.٢- ئەفسانە:**

بنەچەی زاراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو وشەی لاتینی ((legenda: کتێبێکی مێژوویی کەسایەتییە پیرۆزەکان. Legendus: خوێندراوە، خوێندنەوە))(ف.ر.ج.س و ئەوانی تر، ١٨٧٣، ١٩٥) لای ئینگلیززمانەکان وشەی legend بەرانبەر ئەفسانە و زاراوەی mythology یش -کە لای کورد (میتۆلۆژیا)ی پێدەڵێین- بە دوو واتا دێت. یەکەم بەو کۆمەڵە ئەفسانانە دەوترێت کە بیروباوەڕی پیرۆزی ئایین و نەریتی؛ کولتووری نەتەوەیەک دەخەنەڕوو. – ئێمە بە ئوستوورە ناوی دەبەین- لە واتای دووەمیدا بە مانای لێکۆڵینەوە لە زانستی ئەفسانەسی دێت. عەلادین سەجای لە ناساندنی ئەفسانەدا ئاماژەی بەم واتایە کردووە و دەڵێت: ((ئەفسانە کە ((میتۆلۆژیا))یشی پێ ئەڵێن، هەرچەندە ئەم وشەیە بەو ئەفسانانە ئەوترێ کە ئاشنایەتییان لەگەڵ خواکانا هەیە و بە باڵای ئەوانا وتراون، بەڵام لەبەر ئەوە کە زاناکان قسەیان لە پەیدابوون و چۆنیەتی و ڕموزی ئەفسانەوە کردووە بە عیلمەکەش، هەر ئەڵێن میتۆلۆژیا.)) (سەجادی، ١٣٨٩، ١٢٠)

ئەفسانە دەبێتە چەشنێک لە ئەدەبی فۆلکلۆر و وەک بنەوانی هەموو ژانرەکانی دیکەی ناو فۆلکلۆر چیرۆکی هێز و بەرکەوتەی؛ سروشت و مرۆڤ و خواوەندەکان، لەگەڵ باوەڕ و پەرستش و ئەزموونەکانیانی لە گەنجینە شاراوە و بەنرخەکەیدا هەڵگرتووە. مرۆڤیش زۆر کات پەنا دەباتە بەر ئەم گەنجینەیە چونکە ((مرۆڤ لە چیرۆک و ئەفسانەدا، بەدوای ئارەزووە سەرکوتکراو و بەدینەهاتووەکانی خۆیدا دەگەڕێ و چارەنووسی باپیرەگەورەکانی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە)) (دەروێشیان،٢٠٠٣، ١٨) شایەنی باسە بەهۆی سەرنجدان و لێوردبوونەوەمان لە ژانری ئەفسانە لە ئەدەبی کوردیدا بە دوو شێوە لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا دەردەکەوێت:

**١. ئەفسانە وەک ژانر:** لێرەدا ژانرێکی سەربەخۆیە و لە فۆرمی ژانری پاکدایە. ئەو دەقە فۆلکلۆریانە دەگرێتەوە کە پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی ئەفسانەی تێدایە و دەقێکی تەواو ئەفسانەییە، کە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا ئەم جۆرە دەرکەوتەیەی ئەفسانە بەڕێژەیەکی کەم بەرچاو دەکەوێت. ئەفسانەکانی: (شاماران، کاوەی ئاسنگەر، ئەفسانەی شێرزاد، زریبار، بەفر و ئاڵەکۆک..) نموونەی ئەم دەرکەوتەیەن.

**٢. ئەفسانە وەک ڕەگەز:** ئەفسانە لەم دەرکەوتەیەدا سیحری خۆی لەناو ژانرەکانی دیکەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆردا دەرێژێت. کە ئەرکی ئەفسانە لەوەی بەتەنها ژانرێک بێت دەگوازێتەوە بۆ دەرکەوتەیەکی ڕەگەزیی. ڕەگەزەکەیش هێزی ئەفسانەیە کە لە هەناوی ئەفسانەوە دێتەدەر و دەتوانێت لە ڕێی بڵاوکردنەوەی تایبەتمەندیی ژوورسرووشتییبوونەوە پەی بە سنووری ژانرەکانی دیکەی ناو فۆلکلۆر؛ داستان، هەقایەت، بەیت... ببات و وەک ڕەگەزێکی جوانیناسی نوێنەرایەتی ئەدەبی فۆلکلۆر لەئەستۆ بگرێت. بە جۆرێک ئەگەر ئەو ڕەگەزە ئەفسانەییە لە ژانرەکانی دیکە نێو فۆلکلۆر دەربهێنین، لە تایبەتمەندی و هاوبەشێتی فۆلکلۆر و جوانیناسی ئەدەبییانە دەکەون، کە بەزۆری ئەفسانەکانمان لە ئەدەبیاتی کوردیدا لەم جۆرە دەرکەوتەیەن. (بەسەرهاتی خدری زیندە، داستانی شرین و فەرهاد، بەیتی مەم و زین...) بە نموونە.

**٣.٢- عیرفان:**

عیرفان-تەسەوف-سۆفیزم: ڕێباوەڕ و چالاکییەکی ئاینییە، لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی ڕۆحیی لەنێوان مرۆڤ و خودادا

دادەمەزرێت. ئامانج لێی ڕووناکبوونەوەیە، کە لە ڕێگەی بنەما و ڕاهێنانە دیاریکراوەکانی عیرفانەوە ڕێبوار بە یارمەتی ڕێبەرێک گەشتێکی ڕۆحی دەکات، لەپێناو گەیشتن بە مەعریفەی خودابیدا.

لە تەسەوفدا عیرفانییەت لەسەر پەیوەندی مورشید(شێخ، پیر) و سالیک دروست دەبێت، کە سالیک بڕیار دەدات بۆ گەیشتن بە نووری ناسینی خودا یارمەتی لە مورشیدێک وەربگرێت، تا ڕێنیشاندەری ڕێگەکەی بێت و بە زانیاری و زانینەکانی ڕێنموونی بکات. چونکە لەم ڕێگەیەدا سالیک پێویستی بە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەختە لەگەڵ نەفسی خۆیدا و هەوڵی بەردەوامی بۆ پاکژکردنەوەی دڵ و دەروونییەتی لە خەوشییەکان، کە بە پەروەردە و بڕینی مەقاماتەکان بە مراز دەگات(کە بە سەرپەرشتی مورشیدێک دەکرێت)، تا دڵی جگە لە خۆشەویستی خودا هیچی دیکەی تیادا جێنەبێتەوە و تەیار و پاکژ بێت بۆ وەرگرتنی نووری خودایی. (ئەم بیروباوەڕە تاکە شوێنە کە تێیدا خۆشەویستی دەگاتە لوتکەی تەقدیس و خواییبوونی.)(حسێن،٢٠٢٠، ٢٢) بە تەنیشتیدا لەپێناو پتەوکردنی دڵی ڕێبواردا، تا بەرگەی هەوراز و نشێوی ڕێگە بگرێت ((دەروێش فێر دەکرێت، هەموو هۆش و گۆشی خۆی بدات بە یادی خودا.))(کەسنەزانی و بەرزنجی،٢٠٢٣، ٢١) تا یادی خودا ببێتە پەیمانێکی دووپاتکراوەی ڕاستەوخۆ لەنێوان ڕۆحی ڕێبوار و خودادا، هاوکات ببێتە قەڵغانێکیش بۆ پاراستن و پتەوکردنی ڕۆحی بەندەکە. هەموو ئەو هەوڵانەی ڕێبوار بەدرێژایی ئەم گەیشتنە دەیکێشێت بە کۆششێکی تاکەکەسی بەدیدێت، کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاواز دەبێت، چونکە (سۆفیزم بە کۆششی تاکەکەسی نەک کۆمەڵی پێکدێت)(الدرویش،٢٠٢٢ ،٩٠) و ڕێبوار ئەزموونێکی بەچێژی ڕۆحی دەکات، بەجۆرێک تا ڕێبوار ڕاهێنانەکانی زیاتر ئەنجام بدات و بەرەوپێشەوە بڕوات، زۆرتر چەشەی عیرفانیەت دەکات و لە ڕووناکی مەعریفە نزیکتر دەبێتەوە، ئەم پەروەردە و ئەزموونە ڕۆحییە تاکەکەسی و جیاواز و چەشەدارە وا دەکات عیرفان ببێتە (ئەزموونی ڕەوان، نەک نەزەریەیەکی زانستی، تا نەیچێژیت ناتوانیت هەستی پێ بکەیت.)(نەقشبەندی،٢٠٢٣، ٧٦)

لە ناو کۆمەڵگای کوردی دا تەسەوف ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیووە لە پەروەردەی تاک، بەهۆی نەریت و ئادابی ئارامگری و پشوودرێژی و دەستوەرنەدان لە کاری ئەوانی تر و...تادواییدا، جگە لەوەی ڕێبواری ڕێگەی پێگەیاندووە کە بیر لە جوانی و هێز و برستی خودایی بکاتەوە و خۆی بە تایبەتمەندییە بەرزەکانی خودا بیهۆنێتەوە؛ هەر ئەوەی خۆیان بە سیفاتی (جەلالی و جەمالی) خودا ناوی دەبەن و لە ئەدەبیاتەکەیاندا ڕەنگ دەداتەوە.

### ٤.٢- ئەدەبی عیرفانی:

ئەدەبی عیرفانی، بەو ئەدەبە دەوترێت کە بە بیروباوەڕی عیرفانییەوە نووسراوە و بەیانکردنی سۆز و ئەزموونە ڕۆحییەکانی سالیکە، کە لە مەودای تەیکردنی ڕێگەکەی دا ڕووبەڕووی دەبێتەوە. بەو هۆیەی عیرفان ئەزموونی ڕۆحیی تاکەکەسییە، بەیانیکردن و وەسفکردنی ئەو ئەزموونەیش بۆ ئەوانی دیکە کارێکی نەکردەیە، چونکە ئەو کەسە بەتەنها ئەو ئەزموونە دەچێژێت و ئاشکرایشە حەقیقەتی چەشتن لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە ناگوازرێتەوە. هەر بۆیە دەربڕین و گواستنەوەی ئەم حاڵەتە ڕۆحییانە بۆ سالیکان کارێکی گران دەبێت، تا ئەوەی لەبەر سەختی گۆکردن و بەیانکردنی حاڵیان پەنا دەبەنە بەر زمانی هێما و ئاماژە. ئەم زمانەیش تایبەتمەندییەکی سەرەکی زمانی ئەدەبیاتە کە دەبێتە پەناگە بۆ سالیکان، لە ناویشیدا بە تایبەت شیعر، کە بەهۆی سۆز، نەزم، هێما، ئاماژە و مەودا بەرفراوانییەکەیەوە دەتوانن حاڵی ناحاڵی خۆیانی تیادا بهۆننەوە. هەر بۆیە ((زمانی یەکەمی تەسەوف، شیعرە. نەک هەر ئەو کاتانەی لە ڕووی فۆڕم و مۆسیقاوە پابەندە بە بنەما شیعرییەکان، بەڵکو زیاتر لەوەی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە زمانێکە پڕە لە هێما و ئاماژە، خەیاڵێکی قووڵ و فانتازییە. ڕۆحێکی شاعیر لەپشتی هەموو ئەدەبیاتی فکری و ئایینیی تەسەوفەوەیە.))(حسێن،٢٠٢٠، ٢٥-٢٦) سەرەڕای ئەم پەناگەیەیش کە زمانی ئاماژە و شیعرە، ((سۆفییەکان گلەیی لە زمان دەکەن چونکە ناتوانێت وێنای وەجد و موشاهەدەکانیان بکات.))(شوان،٢٠٢٣، ١١٤) ئەم هۆکارەیش وا دەکات ئەدەبیاتی سۆفییانە پڕ لە ئارکیتایپی عیرفانی بێت، تا پەیام و ئەزموونی چیرۆکیی خۆیانی تیادا بگێڕنەوە و ڕەخنەی ئەفسانەناسیش یارمەتیدەری ئەم تێگەیشتنانە بێت بۆ کەسانێک لە دەرەوەی پابەندی پەیڕەوە عیرفانییەکەن. لێرەوە شیعری عیرفانی بەم زمانە وێنەدارییەوە ((دەبێتە ڕەنگدانەوەی ئەو پەروەردە عیرفانی و سۆفیگەرییە، کە شاعیر لە سەردەم و بارودۆخێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتیدا وەریگرتووە، لە لایەکی تریشەوە دوای ئەوەی دڵ و هەست و سۆزە دەروونییەکانی بە بەها و بنەماکانی ئەم

جیهانە پەروەردە بوون، ئیتر شیعر دەبێتە گوزارشتکردن لەو هەست و سۆزە دەروونییانەی، کە عەشق و نووری خودای تێدا جێگربووە.))(اسماعیل، ٢٠٢٤، ٢٠-٢١) ئەدەبیاتی کوردی ئێمەیش بە دیاریکراوی لە قۆناغی شیعری کلاسیکیدا بۆ ئەم ڕێباوەڕە ساز دەبێت و شاعیرانی عیرفانی کوردی ئەدەبیاتی عیرفانی کوردی لێ بەرهەم دەهێنن و بیروباوەڕە تەسەوفییەکانیانی تێدا پەخشان دەکەن.

**٥.٢- ڕەخنەی ئەفسانەناسی:**

ڕەخنەی ئەفسانەناسی کە بە ڕەخنەی ئوستوورەیی و ئارکیتایپییش ناودەبرێت، میتۆدێکی ئەدەبی سەر بە قۆناغی ڕەخنەیی پاش پاش نوێگەرییە. لە ڕەگی هەردوو ڕەخنەی مرۆڤناسی و دەروونناسییەوە سەرچاوە دەگرێت. چونکە ئەو دوو ڕەخنەیە لە مەودای کارکردنیاندا بۆ گەیشتن بە ئامانجی میتۆدەکەیان سوود لە کۆمەڵێک کەرەستە وەردەگرن، کە ئەم کەرەستانە ئامانجی ڕەخنەی ئەفسانەیین. بەم شێوەیە ((بنەچەیەکی تیۆری دووانەیی بناغەی شیکاری ئەم ڕەخنەیە پێکدەهێنێت. مرۆڤناسی لە ڕواڵەتی دەرەکی ئارکیتایپەکاندا لە هەموو جۆرە دیاردەیەکی کولتوریدا دەکۆڵێتەوە، لەوانە (ئایینەکان، ڕێوڕەسمەکان و بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان). دەروونناسی هەم کوالیتی ناوەڕۆک و هەم پرۆسەی دروستبوونی ئەم نەخشە کۆنانە لە دەروونی مرۆڤدا باس دەکات.))(قائمی،٢٠٠٩، ١٥) . سوودوەرگرتن لە مرۆڤناسی لە بواری ڕەخنەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم، کە لەلایەن دەستەیەک توێژەری ئینگلیزی سەر بە هێلێنیسەتکانی کامبریجەوە، توێژینەوەیەک کرا و سوودییان لە دوایین دۆزراوەکانی مرۆڤناسی وەرگرت؛ بۆ لێکۆڵینەوە لە شوێنی سەرهەڵدانی ئوستوورە و ڕێوڕەسمەکان، لە بەرهەمە کلاسیکییە یۆنانییەکانیاندا؛ کە کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر فراوانبوونی ڕەخنەی ئەفسانەناسیدا هەبوو. دواتر بەرهەمە گرنگەکەی "سێر جەیمس فرەیزەر" بەناوی "چڵی زێڕین" ئەویش لێکۆڵینەوەیەکەی تێروتەسەل بوو سەبارەت بە ئایین، جادوو، ڕێوڕەسم و ئوستوورە لە سەردەمە کۆنەکاندا، نیشانیدا کە سەرلەبەری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی چەنێک هاونیازی یەکن.(گیورن و ئەوانی تر، ٢٠١٤، ٢٦٠-٢٦١) لە لایەکی دیکەوە زانستی دەروونناسی دەبێتە بەشێکی گرنگی ئەم ڕەخنەیە، کاتێک کە زانای دەروونناس "کارل گۆستاڤ یۆنگ" چەمکی "کۆنەست" دەستنیشان دەکات و ڕای وایە کۆی مرۆڤایەتی هاوبەشە لە میراتییەکانی وەک ئەزموون و باوەڕ و ڕەفتار و تادواییدا، کە لەڕێگەی ئەفسانە و خەون و هونەرەوە لە قاڵبی ئارکیتایپ/نەخشە کۆنەکاندا دەردەکەون. چەمکی ئارکیتایپ لەم زانستەوە وەردەگیرێت و دەبێتە کەرەستەیەکی سەرەکی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی ئەفسانەناسی. شێوازی کارکردنی ئەم ڕەخنەیەش بەو جۆرەیە کە مامەڵە لەگەڵ دەقە ئەدەبییەکاندا دەکات و لەناو دەقەکاندا بەدوای ئارکیتایپە ئەفسانەییەکاندا دەگەڕێت، سا دەقە ئەدەبییەکان شیعر، پەخشان، یان ژانرە هەمەجۆرەکان بن، چ کۆن یاخود نوێ بن؛ دیاریان دەکات. دواتر دەیانباتەوە ناو کەشە ئەفسانەییە بنچینەییەکەی و ماناکەی لە هەمان شوێندا شیکار دەکات، پاشتر ئارکیتایپەکە بە ماناکەوە دێنێتەوە ناو دەقە ئەدەبییەکە و لە گۆشەیەکی نەبینراوەوە خوێندنەوە بۆ دەقەکە دەکات. نە دەچێتە دەروونی مرۆڤەوە و نەدەچێتە حەرەمی خەڵکەوە، تەنها لە سنووری دەقەکەدا مانای ئارکیتایپەکان شیدەکاتەوە و دەیخاتەڕوو.

**٦.٢- ئارکیتایپ:**

زاراوەی ئارکیتایپ کە ڕاستەوخۆ لە زاراوەی (Archytype)ی ئینگلیزییەوە وەرمانگرتۆتەوە، بەرانبەر زاراوەی (کهن الگو)ە لە زمانی فارسیدا. لە زمانی عەرەبیشدا وشەکانی: (نموذج أصلي، نموذج أولي، مثال أصلي، مثال أول، نسخة أصلية، طراز غابر...هتد) بۆ بەکاردێت. لە زمانی کوردیدا کە وەردەگێڕدرێت؛ زاراوەکانی: (کەونە چەشنەکان، پێشنموونە، تەرزە سەرەتاییەکان، هێما سەرەتاییەکان، بیرە سەرەتاییەکان، بیرە بنەڕەتییەکان، شێوە میسالییەکان، تەرزە ئەزەلییەکان، وێنە ئەزەلییەکان، کۆنە وێنەکانی ناهۆشمەندی، کۆن پارادایم)ی بۆ بەکارهێنراوە. لە هەردوو وشەی (arech-یەکەم) و (typos- مۆر، قاڵب، جۆر) پێکهاتووە.)(Barnhart, 1988, 36)

مەبەست لە ئارکیتایپ ئەو هێماو واتایانەی دەگرێتەوە کە مرۆڤ بە بینین یان بیستنی وێنە هێماییەکەی دەسبەجێ لە ماناکەیی و چیرۆکی پشت ماناکەی تێدەگات و بەبێ ئەوەی پێویستی بە ڕوونکردنەوە بێت، بەجۆرێک لە زمانی ڕۆژانەیدا واتای ناڕاستەوخۆی وەک میتافۆڕ و مەجازی لێ بەرهەمدێنێت و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەکاریدەهێنێت. (هەندێ

وێنە و ڕووداو و سیمبۆل و دابونەریت هەن، کە کۆنن و ڕەگوڕیشەیان لە یاد و زەینی خەڵکدا داکوتاوە و لە هونەردا سەرهەڵدەدەنەوە، یان لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی ژیاندا هەر باسکران، مرۆڤ تێیان دەگا و پێویستیان بە ڕوونکردنەوە نییە.)(هاڵبرێگ و ئەوانی تر،٢٠١٠، ٧٥) لە ڕەخنەی ئەدەبیدا چەمکی ئارکیتایپ ((دیزاینی گێڕانەوە، نەخشی کردار/ڕووداو، جۆری کارەکتەر، تەوەرە و وێنە دەگەیەنێت کە لە بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبیاتدا دووبارە دەبنەوە، هاوپێچ لە ئەفسانە و خەون و تەنانەت ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتییەکانیشدا(Abrams, 2015, 18) هەندێک لە جۆرەکانیشی بریتین لە: (وێنە وەک: مار. کەسێتی: ڕزگارکەر، فێڵباز. مۆتیڤ: لافاو، لەداکبوونەوەی عیسا، جەژنە ئاینییەکان.) ,Murfin) (2018, 57کە لە کۆنەستی مرۆڤدا هەڵگیراون و کۆی ئەزموون و یادەوەرییەکانی مرۆڤایەتییان پاراستووە. بە شیکردنەوەی ناواخنی ئەم نەخشەیە لە ڕێگەی دەرکەوتەکانییەوە(شیعر بە نموونە)، بە دەروونی هاوبەشی کەونارای مرۆڤایەتی دەگەین. کە لەم کارەدا ئامانجمان دەرخستنی دەروونی تەسەووفی شاعیرانی کوردە، وەک بەشێک لە دەروونی عیرفانی مرۆڤایەتی.

## ٣- ئارکیتایپی وێنە عیرفانییەکان

### ١.٣- جۆرەکانی ئارکیتایپ

سەبارەت بە ئارکیتایپ دەوترێت: ((بریتییە لە قاڵبێکی ڕەسەن کە کۆپی لێ دروست دەکرێت.)) ,Gigo and George) (2021, 55 بەم هۆیە چەندین جۆر یاخود دەرکەوتەی جیاوازی لێدەبێتەوە، کە خۆی لە و وێنە، مۆتیڤ، کارەکتەرەکان، بابەت، ژانر و پێکهاتەی گێڕانەوە ئەدەبییەکاندا دەبینێتەوە. بەم شێوەیە (دەکرێ کۆمەڵێک مۆتیڤ و بنەباسی هاوچەشن لەنێو ئوستوورە جۆراوجۆر و جوداوازەکاندا بدۆزینەوە و کۆمەڵێک وێنەی تایبەتیش کەوا لە ئوستوورەکانی ئەو نەتەوانەدا پات بوونەتەوە و بەلای لایەنی شوێن و زەمانەوە زۆریان مەودا لە نێواندا هەیە.))(لی مۆرگان و ئەوانی تر، ٢٠١٤، ٢٥٠) ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا مەبەستی ئێمەیە و ئاماژەی پێ دەدەین، ئارکیتایپی وێنەیە، وەک: ((ئەسپی شەش باڵ، شمشێری موعجیەزەیی، باڵندەی سیمورغ و تاد.))(Syzdykova and zharylgapov, 2023, 179) لە نموونەی ئارکیتایپە وێنەییەکان کە بە گشتی و لێوردبوونەوەمان خۆی لە: شێوەکان، ئاژەڵەکان، ڕەنگەکان، ژمارەکان و هێما وێنەییە دووبارەبووەکانی دیکەی ناو نەتەوە و کولتوور و ئایینە جیاوازەکان دەبینێتەوە، کە بە مانایەکی بنچینەیی هاوبەش دووبارەدەبنەوە. بەدیاریکراوی سەرنجی ئێمە لەسەر وێنە ئارکیتایپییە عیرفانییەکانی ناوی شیعری کلاسیکی کوردییە، کە زۆرترین دووبارەبوونەوەی هەبووە. لەم توێژینەوەیەدا بەپێی سنوورداری کارەکە چەند دانەیەک لەو وێنە دیار و دووبارەبووانە وەردەگرین.

#### ١.١.٣- خاڵ:

خاڵ؛ چەق و دەستپێکی دروستکردنی بازنەیە. بازنەیش لە فەلسەفەی عیرفانی ئیسلامیدا ئاماژەیە بۆ گەردوون، بوونی ماددی و دەرکەوتەی حوسنی خودا، کە بۆ دروستبوونی لە خاڵێکەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەم خاڵە خودایە و (خودا ناوەندی بازنەی بوونە و بوونەوەرەکان هەمان تیشک یاخود ژینگەن کە لەگەڵ دەرکەوتنی مەزنی باڵادا دەردەکەون، هیچ گەردوونێکیش بوونی نییە بەبێ بوونی زاتی باڵا.)(بابایی،٢٠٢١، ١٦٣-١٦٨) هەر بۆیە لە عیرفاندا ((خاڵ ڕەمزە بۆ وەحدەت، چونکە چۆن دۆزینەوەی خاڵ لە ڕوومەتی یارا پێویستی بە گەڕان و شوێنپێهەڵگرتن و توانای سروشتی و خواکردی خۆی هەیە، وەحدەتیش لە وجووددا بە هەمان شێوە.))(شەبستەری، ٢٠١٨، ٤٥-٤٦) چونکە مەڵبەندی جەماڵی یارە و جەوهەری جوانی ئەوە وا لە بازنەدا دەدرەوشێتەوە.

شەوقی دانەی خاڵی تۆ خستوومیە ناو داوی خەتەر
بەم گوناهە ئادەمیش وەک من لە جــەننەت دەرکرا (سالم، ٢٠)
تۆ ئەگریجەی خاوت، تۆ زولفی لاولاوت
بەبێ دانەیی خاڵت مەمــخەرە نێو داوت (حەریق، ١٦٨)
بە چاوی تۆ شکاتی من لە زوڵــفە

لە سەیری نوختەکەی خاڵانی کردم (سەید تاهیری هاشمی، ١٩)
کافری زوڵفت بە ئاهم، کەی لە موڵکی ڕۆمی ڕووت
دەردەچــێ تا کــۆمەکی بێ لەشکری خاڵی ســیات (ناری، ٥٤)

لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ئارکیتایپی بازنە شکڵی ڕووخسارێکی پڕ نوور وەردەگرێت، کە تەجەلیاتی خودایە و بوون و گەردوون دەگرێتە خۆی، ئارکیتایپی نوقتەیش کە تاکە خاڵێکە لەسەر ئەو ڕووخسارە، یەکتایی زاتی خودایە، کە بوون و نەبوون لەو یەکەوە دروستبووە و سەرچاوەی گرتووە. شاعیرانمان بەزۆری ئارکیتایپی خاڵ بە ڕەنگی ڕەش دەچووێنن، کە بە "خاڵی سیا"ش دەدرکێنرێت، چونکە لای ئەهلی تەسەوف ئارکیتایپی "ڕەش" ڕەمزی پەنهانی و غەیب/سرِی خودایە.(( جەوهەری حەقیقەت بە ڕەشایی چوێندراوە.))(سجادی، ١٣٨٣، ٤٨٩) ئارکیتایپی خاڵی ڕەشیش کە خاڵی موشکین و خاڵی هیندوویشی[1] بۆ بەکاربراوە، بە دیاریکراوی واتای جیهانی غەیب دەدات((خاڵی سیاه: بە جیهانی غەیب دەوترێت))(عراقی،١٣٥٣، ٦٧)، کە هەرسێ جیهانی زات، سیفەت، مەلەکووت دەگرێت خۆی. بەم جۆرە دەتوانین بڵێیین ئارکیتایپی خاڵ لە مانایەکی کۆکراوەدا لە فەرهەنگی شیعری کلاسیکی عیرفانی کوردیدا دەلالەتی ڕەشێتی لە سپێتیدا، نادیاریی لە دیاردا، نەزانراو لە زانراودا، تاکێتی لە گشتدا دەدات.

قبوولم کەی ئەگەر، لوتــفێکی زۆرە
بە کەمتر هیندوێکی خاڵی هیندووت (مەحوی، ١١٤)

مەحوی ئارکیتایپی خاڵی هیندوو (ڕەش)ی بەکارهێناوە و داوا لە خودا دەکات: ئەگەر بە کەمتر لە غولامێک، وەک بەندەی خاڵی ڕەشی قبووڵی بکات، لووتفێکی زۆری لەگەڵ نواندووە.

### ٢.١.٣- بازنە/ ڕوو:

شێوەیەکی ئەندازەییە و بەشێکە لە هونەر و زانستە ماتماتیکییەکان. کە دەلالەتە بۆ یەکەم جوڵەی خەڵق کە لەگەڵ دروستبوونیدا سەرەتا و کۆتایی نامێنێت دەبێتە نیشانە بۆ گەردوون، میتافیزیک، هەتاهەتایی، هەمەکێتی و یەکێتی؛ کە بەگشتی پەیوەندییەکی بەهێزی بە لایەنی ڕۆحانییەتەوە هەیە. بازنە ((دەکرێت بە سادەیی یاخود بە یەکگرتنێکی ئاڵۆز لەگەڵ فیگەرە ئەندازەییەکانی دیکەدا پێشکەش بکرێن. بازنەکان بە نەبوونی سەرەتا و کۆتاییان، بەشێوەیەکی باو دەلالەت لە دۆخی کویی و یەکگرتوویی/یەکێتی دەکەن. بۆ نموونە ئەڵقەی هاوسەرگیریی یەکگرتنی ناکۆتایی دوو کەس دەهێنێتە بەرچاو.))(dobie, 2012, 66) هێما وێنەییەکانی: (یین و یانگ، ئۆورۆبۆرس، ماندالا، هێلکە، ئیڤڵ/چاوەزار، نەخشەی بورجەکان، دەف...) و لە ئاینی ئیسلامیشدا مۆتیڤەکانی وەک: (سووڕانەوەی هەسارەکان، کەعبەی پیرۆز، ئەڵقەی زیکر، سەمای سۆفیان...تاد.) لە نموونە دیارەکانی شێوە بازنەیین. لە هونەری پیرۆزی دێریندا یەکگرتووییەکی پتەو لەنێوان شێوەکاندا هەبووە و لەناویەکدا خولقاون؛ هێمای "ماندالا" ئارکیتایپێکی دیاری جیهانییە کە شێوە بازنەیە لەناو چوارگۆشەیەکدا. بەڵام لە هونەری مۆدێرنە و دنیای نوێدا شێوەکان جیادەبنەوە و بەرەو سووچ و تیژایی چوارگۆشەکان دەڕۆن و بازنەسەنتەری لەچاو ون دەبێت. کارل گۆستاڤ یۆنگ بەم شێوەیە لەم گۆڕانکارییە دەدوێت: ((بازنە هێمای ڕۆحە (ئەفلاتوون خودی ڕۆحی وەکو گۆ دەزانی) چوارگۆشە و (بەزۆری لاکێشە) هێیماکانی ماددەی زەمینی، جەستە و واقیعەتن. لە زۆرترین بەرهەمی هونەریی نوێدا، لەنێوان ئەم دوو شێوە سەرەتاییە یان ئەسڵەن پەیوەندییەک بوونی نییە، یان ئەگەر بوونی هەبێت زۆر خاو و ڕێکەوتە. جیابوونەوەی ئەوانە لە یەکدی، نیشاندەری باری دەروونی مرۆڤی سەدەی بیستە. ڕۆحی مرۆڤ ڕەگەکانی خۆی لەدەستداوە و لەبەردەم لێکپچڕانی دەروونی دایە.))(یۆنگ، ٢٠١٩، ٨٠٣-٨٠٤) سەبارەت بە عیرفان و ئەدەبیاتی عیرفانی، ئارکیتایپی بازنەیی چەند مانا و مەبەستێکی جیاواز دەگەیەنێت، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە شێوەی بازنەیە کاتێک بە ڕووی مانگئاسای خودا دەچوێنرێت و پێی دەوترێت مانگڕوو. لە

[1] هیندوو: ((بۆ گەلێ مەبەست بەکاردێت: خاڵی ڕەش، زوڵفی ڕەش، مووی تازە ڕواوی سەر ڕووی گەنج، هیندی، نۆکەر، پاسەوان، بە واتای ڕەنگی ڕەش دێت ئەگەر لەگەڵ وشەی خاڵدا بێت.))(عارف، ٢٠٠٩، ١٠٠٨)

عیرفاندا ماهروو یان مانگروو((دەرکەوتنی تەجەلیاتە لە ماددەدا))(سجادی، ٦٩٢) کە لە چەقی گەردوون(خاڵ)ەوە پەیدا بووە. هەرچەندە ((خۆریش هەر تەجەللایە، بەڵام مانگ پەیوەستە بە مادەکانەوە، هەروەها ڕەمزە بۆ جەمال و جوانی یار.))(کەسنەزانی و بەرزنجی، ٢٠٢٣، ٩٠٥) وێنەدانەوەی ئەم خاڵە لە بازنەدا یاخود دەرکەوتنی ئەم ڕووخسارە دەبێتە دەرخەری ((ڕووناکی ئیمان و کرانەوەی دەرگای عیرفان و هەڵگرتنی پەردەیە لەسەر جوانی حەقیقەت.))(اقبال، ١٣٩١، ١٢٧) ئەوەتا (شێخی شەبستەری)یش باسکردنی ڕووخسار و هێنانەوەی لە ئەدەبی عیرفانی دا بە "مەزهەری جوانیی خودایی دادەنێت" و دەڵێت: ((رخ اینجا مظهر حسن خدایی است.))(شەبستەری، ٢٠١٨، ٣٦١). بەم شێوەیە بەکۆی لێکدانی ماناکانی ئارکیتایپی خاڵ و بازنە تێدەگەین ئەم جووتە ئارکیتایپە لە پەیوەندییەکی دوانەیی دژیەک و تەواوکاریدان. بەجۆرێک کاتێک خاڵ وەحدەتە، بازنە فرەییە، کە خاڵ پەنهانییە، بازنە دەرکەوتنە. کاتێک خاڵ حیجابە، بازنە جیلوە و جەمالە. کاتێک خاڵ جیهانی غەیب و نابەرجەستەییە، بازنە جیهانی ماددەیە.

لە هەر جێیەک هەڵێ خورشیدی عیشقی گوڵروخان
ئەگەر عەقڵی ببێ، لەو جێگە ئاونگی عەقڵ چ بکـا؟ (مەحوی، ٤٨)

زوڵمەتی زوڵفت دەسا لادە لەسەر کوڵمـت دەمێ
بێ نەسیبی شەوق و شوعلەی ماهی تابانم مەکە (ناری، ١٠٩)

وەکوو شەونمی ڕوویی گوڵ ئینتیزار
لەبۆ سوبحی خورشیدی تابانی تۆم (خادیم، ٥٦)

دێتە سەر جۆگە بە شەوق و شەعشەعەی ڕووخسارەوە
مانگی تابـــانی ئـــەڵێم: یـــا ڕۆژی دێـــتە خـــــــــوارەوە. (زاری، ١٢٩)

شیفـتـەیی نـــووری جـەماڵم مـاهی تابـانم وەرە
ئارەزووی شەهدی ویساڵم جانی جانانم وەرە (سافی، ٥٧)

بەم ڕوانگەیە بە سەرنجدانمان لە ئەدەبیاتی کلاسیکی عیرفانی و کوردیدا سیمای خڕ کە بە شێوەی مانگ و خۆر و لە وشەکانی وەک" قەمەر، مەە، شەمس، خورشید" دا دێن، دەبنە ئارکتایپێک کە نیشاندەری نوور و پرشنگ و دەرکەوتەی جوانین، نیشاندەری سیمایەکی خودایی، نەک تەنها سیمایەکی ئاسایی، کە تەنها بە ناوهێنانی ئارکیتایپی ڕوو/ ڕووخسار، ئەم واتا زنجیرەبەندییانە دەگرێتەخۆی.

بە چی تەشبیهی ڕووخـــسارت بکا شاعـــیر لە جوانیدا
کە ئەم خــورشیدە عالەم تابە شێوەی حوسنی تۆ نادات (زاری، ٢٠٣)

زاری یەکێکە لەو شاعیرانەی ئارکیتایپی ڕووی بەم تەشبیهانە گەلێک جار دووبارەکردووەتەوە. لەم بەیتەدا کە ڕووی دەمی لە پێغەمبەرە و بەڕوونی و دەستەوەستانانە لە ئاست ئەم وەسفەدا دەڵێت؛ ئەم ڕووخسارەی تۆ بەچی بچوێنم، بەم خورشیدەی لە عالەمی ماددەدایە! لە کاتێکدا ئەم خورشیدە بە تۆ ناچوێنرێت، چونکە شیانی ئەوەی نییە شێوەی حەقیقەتی جوانی تۆ بداتەوە.

### ٣.١.٣- میحراب/ برۆ:

لە مزگەوتی موسوڵمانانندا میحراب شوێنێکی دیاریکراوە لە بەشی پێشەوەی مزگەوت، کە شێوازێکی چەماوە و هیلالی هەیە. نیشانەیە بۆ ڕووگەی موسوڵمانان، کە ئیمام و نوێژخوێنان پێشنوێژی تێدا دەکەن و لەو ڕووگەیەوە تیایدا نوێژی موسوڵمان دەبەسترێت. میحراب ((بە واتای وشەیی بە مانای شەرەفمەندترین شوێن دێت لە مزگەوتدا، کەوانەیەکە لەناو

مزگەوتدا کە ڕووی لە قیبلەیە و ئامرازێکە بۆ شەڕکردن لەگەڵ شەیتان، بەو هۆیەش بوو کە ناویان نا میحراب.))(نصیری و دیگران،١٣٩٧، ٦٣) ئەم وێنەیە لە عیرفاندا دەبێت بە ئارکیتایپ و دەردەبڕدرێت بۆ شوێنێک کە خۆشەویستی لێ بێت، لە ڕووخساریشدا(دەرکەوتەی خودا) ئەو شوێنە برۆ(میحرابی تاعەت)ی یارە. بەجۆرێک ((هەر شوێنێک دڵ ڕووی تێ بکات، لەبەر ئەوەی خۆشەویستی لێیە، ئەوە میحرابە بۆ عارف، هیچ جێیەکیش نییە لە خۆشەویست خاڵی بێت، بۆیە ڕوو لە هەر لا دەکەن میحرابە، ڕووگەیە. کە لە شیعری کلاسیک و ئەدەبی عیرفانیدا برۆی یار بە میحراب چوێنراوە.))(کەسنەزانی و بەرزنجی، ٢٠٢٣، ٩٣٣)

میحرابی ئەبرۆی تۆم هەبێ، با ڕووم لە قیبلە هەر نەبی
دینم بە عیشقت گۆڕیــیەوە، هــەرچی دەبیـــتن با ببی (موخلیس، ٢٤١)

مــەیلی من هەر مەستی و ڕەندی و شاهیدبازییە
وا لەبەر میحرابی ئەبرۆت تاعەت و تەقوا دەکەم (سافی، ٢٥)

هـــەموو تـــاعات و نوێژم تێـــگەیـــشتم گیـــانی شـــیرینم
نەبوو مەقبووڵ هەتاکوو سوجدەیی میحرابی ئەبرۆم کرد (کەمالی، ٦٣)

تاقی پەیوەستی برۆت وا بوو بە قیبلەی خاس و عام
کەعبە گــەر بۆ خـــۆی بزانێ پشـــتی میحرابی شکا (وەفایی، ١١٩)

وەک ئاشکرایە ئەرکە موسوڵمانان بۆ پەرستشەکانیان ڕوویان لە کەعبەی پیرۆز بێت، بەڵام لە عیرفاندا چەقی گەردوون خودایە و هەموو گەردوونیش نوورەکەیەتی. هەر بۆیە لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا دڵی شاعیران ڕوو دەکاتە ئەو ڕووناکییەی بە ڕووخسار وێنا دەکرێت، کە لەناو ڕووخساریدا برۆ هەیە و بەهۆی شێوەی قەوسییەوەی لە میحرابی موسوڵمانان دەکات. ئەم لێکچوونە کەوانەییەی نێوان برۆ میحراب وا دەکات برۆ میحرابییەکەی سەر تەجەلیات و حوسنەکەی خودا بکەنە پەرستگەی خۆیان. بەشێوەیەک کە بەر زەڕڕەیەک لە پریشکی نوور و ناسینی ئەو دەکەون، ئیدی بەرەو باتنی دین دەڕۆن کە عیرفانە و بانگەشەی قیبلەگۆڕینیان لە کەعبەی موسوڵمانانەوە بەرەو تاقی برۆ دێنە ئاراوە، کە مانایەکی مەزاجییە و مەبەست لێی عەشق و بەرکەوتنی ناسینی خودایە.

برۆت میحـــرابی تاعـــەتمە جـــەماڵت قیبلەیی دڵمە
لە کەعبەم چی لە بۆ سەجدە کە من قیبلەم نەگۆڕاوە (خادیم، ٧٨)

خادیم قیبلەگای موسوڵمانانی دۆزیوەتەوە کە جەمالی یارە و دڵی پێ بەستووە، لەناو جەماڵیدا برۆی کردووە بە میحراب بۆ تاعەتکردنی. کاری بە سوجدەبردن ڕووە و کەعبەی موسوڵمانان نەماوە و دەشڵێت قیبلەم نەگۆڕاوە، چونکە بەڕای خادیم برۆ قیبلەی حەقیقییە و ئەویش هەمیشە دڵبەستی ئەم قیبلەیە بووە. یاخود لە مانایەکی دیکەیدا مەبەستییەتی بڵێت میحرابی برۆی تەواوکەری قبیلەگای کەعبەی موسوڵمانانە و قیبلەی نەگۆڕاوە.

### ٤.١.٣- مار و ئەژدەها/ زوڵف:

لە فۆلکلۆری کوردیدا، "شاماران" ئەفسانەیەکی ناسراوی کوردییە و نەوە بۆ نەوە ماوەتەوە. لە گێڕانەوەکەدا شاماران گەورەومیری مارانە و خاوەن دەسەڵات و حیکمەت و زانینی نەبڕاوەیە. لەم ئەفسانەیەوە "مار" لە فەرهەنگی کولتووری فۆلکلۆریماندا دەبێتە هێمای حیکمەت و دەسەڵات. بەڵام یەکێکە لەو ئەفسانە دەگمەنانەی کە تیایدا (مار) ئاماژەیەکی ئەرێنی پێەو دەبەخشێت. بەڵام لە زۆربەی ئەفسانە و گێڕانەوەکانی دیکەدا مار یاخود ئەژدەها هەمیشە ئاماژەکانی: (شەڕ، ئاژاوە، فریودەری، دوژمنی مرۆڤ.. تاد بووە). بە نموونە لە دەقی ئاڤێستادا (ئەفسانەی ئەژدیهاکە) هەیە. لەم ئەفسانەیەدا ((ئەژدیهاکە وەکو دێو و ئەژدیهایەکی خوێنمژ و دوژمنی ئافرێنراوی ئەهوورایی پێناسەراوە کە لەلایەن

ئەهریمەنەوە بۆ لەناوبردنی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و گەردوون خوڵقێنراوە.))(حەسەن، ٢٠٢٢، ١٤٩) لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا ئارکیتایپی مار بە هەمان ماناوە دووبارەدەبێتەوە:

ئۆف لە ماری حەلقەیی زوڵفی سیای پڕ سیلـــسیلەت
دڵ لە نێشا ڕۆژ و شەو حاڵی وەکوو کوشتەی حەیە (سالم، ٨٦٠)

دوێ، شکور مەردانە من ڕێم بردە ناو زوڵفی ڕەشت
تا بزانن خەڵکـــی ملکی دڵ، قەڵای مـــێردانە شــــەو (سەید کامیل، ٤٤)

بە غەیری هەمڕەهی یادی جەماڵت
ئەوی هەمڕاهە یا دووپشکە یا مار (زاری، ٥٧)

خەیاڵی زوڵفی دەرناچێ لە دڵ تا دەرنەچێ ڕۆحم
سپێراوە خەزێـــنەی بەخـــتی ئێمە بەو سیا مارە (مەحوی، ٥٠٤)

مار کە لای کورد بە ئەژدەهاش ناودەبرێت، بەهۆی ڕەشێتی و درێژی و پێچاوپێچیی و سیفەتە هاوبەشەکانییەوە لەگەڵ زوڵفدا، لە شیعری کلاسیکیدا دەبێتە ئاماژە بۆ زوڵفی یار. زوڵف لای فەخرەدینی عێراقی (ناسنامەی شاراوە یاخود ونبوونی شوناسە، کە کەس ناتوانێت لێی تێبگات).(عراقی،١٣٥٣، ٥٨)، لای سەید جەعفەری سەجادی ((کینایەیە لە زوڵمەتی[تاریکی] کوفر.))(سجادی،١٣٨٣، ٤٤٣) کە بەگشتی ئارکیتایپی زوڵف لای ئەهلی تەسەوف ((کۆتێکە لە بەردەم سالیکدا بۆ گەیشتن بە خودا، ئەم کۆتە سەر بە وابەستەیی و بەشتبوونەکانە، کە دەبێت بە حیجاب لە نێوان سالیک و خودادا.))(کەسنەزانی و بەرزنجی، ٢٠٢٣، ٥٦٩) کە دەکرێت سیفەتی جەلالی خودا، وەسوەسە و کاری شەیتان، نەفس، دنیا، ئارەزوو بێت، کە سالیک لە ڕێی گەیشتن دووردەخەنەوە و ونی دەکەن. سالیک هەموو هەوڵێکی بۆ دەستڕاگەیشتنییەتی بە ڕووخساری مانگئاسای یار؛ کە تەجەلای کردبوو لە پەنهانی خاڵی سەر گۆنەیەوە. بەڵام زوڵفی ڕەشمارئاسای بە پێچوودای کە دراوە بەسەر ڕووخساریدا، ڕێگرە لەبەردەم گەیشتن بە نوور و گەنجینە و جەمالی یاردا. لەم تولەڕێیەدا سالیک ڕێی ڕووناکی لێ تاریک دەبێت و پیری دەستگیری نەبێت بە ئاسانی لێی دەرناچێت. شاعیرانی عیرفانی کلاسیک بەدەست ئەم زوڵفە ڕەشە تاریک و حەڵقەییەوە دەناڵێنن، کە دەکرێت مار، ئەژدەها یاخود دوپشکیش بێت؛ بە "شەو"یشی دەچوێنن. وەک داوێکەو پیەوەی دەبن.

بۆم بگـــریەن زۆر بەجـــۆشـــە، پێم نەمـــاوە عـــەقڵ و هـــۆشە
ماری ڕەش یەکسەر خرۆشە، عـــەقرەبان گـــرت ڕاست و چەپ
مار و عەقرەب کرد هوجوومە، ئەی لە خۆم بەدبەخت و شوومە
هینـــدیان شیر لێ دەســـوومە، دێنە جـــەنگم ڕاست و چـــەپ (ئەحمەدی کۆر، ١٦٩)

ئەحمەدی کۆر لەم پارچە شیعرەدا بە ئارکیتایپی عیرفانی مار، وێنەی وردەکاریی ئەم جەنگە سەخت و تاریک و ئاڵۆزەی سالیک لەگەڵ نەفسی ئەممارە و هێزی شەیتانی دەکێشێت. کە جەنگێکە عەقڵ و هۆشی لەبەربڕیووە و بەهیلاکی بردووە، چونکە لە ڕاست و چەپییەوە بە مار و دووپشک دەورەدراوە و بەردەوام هێرشی بۆ دەبەن، ئەمیش لە جەنگدایە لەگەڵیان و شیریان لێ دەسوێت، کە شمشێرەکەی دەلالەتە لە هێزی تەقوا و ئیمان و جەنگەکەیش هەر هەمان جەنگە کە سالیک ڕووبەڕووی دەبێتەوە؛ تا پێی تاقیبکرێتەوە لەلایەن خوداوە، یان لەلایەن شەیتانەوە لەخشتەببرێ.

**٥.١.٣- ئاو:**

ئاو لە سادەترین واتای گەردوونیدا ژیانە، کە بەبێ بوونی بەردەوامی نییە. بەگشتی لە نەستی مرۆڤدا بە واتای: (ڕازی خیلقەت؛ لەدایکبوون-مەرگ-ڕابوونەوە؛ پاککردنەوە و ڕزگاری؛ ڕسکان و فراژیبوون دێت. بە بۆچوونی کارل گۆستاڤ یۆنگ، ئاو، باوترین هێمای نیهادی ناوشیارە.)(لی-مۆرگان و ئەوانی تر،٢٠١٤، ٢٥١) توخمێکە لە ئەزەلەوە پەیدا دەبێت، بەهۆی پێویستی، جوانی، پاکی، ڕوونی و ڕەوانییەکەیەوە، مرۆڤ لە سەردەمی ئوستوورەدا دەیپەرستێت. خودای ئاو، باران، دەریا، زەریا...چەندەها ئەفسانەی لێ بەدیدێنێت. بە نموونە لای ئەهلی کاکەییەکان فەلسەفەی دروستبوونی خودا لەناو سەدەفێکدایە، کە سەدەفەکەیش لەناو زەریادایە، واتا سرِی خودا لەناو ئاودا حەشار بوو. ئەمەیش ((لە سەرەتای ئیلاهییاتی کاکەییدا نووسراوە خودا لە پێشدا کە ((دوون)) واتە جامە یان جەستەی ((یا)دا بوو ئەو لە نێو ((سەدەف))ێکدا لە ((زەریا)) بوو...))(حیجازی،٢٠١٢، ٥١)

لە دواتریش لە قۆناغی فەلسەفەدا، سەرەتا لای فەیلەسووفانی ڕۆژئاوا و دواتریش فەیلەسوفانی ئیسلامی، چوار توخمی سەرەکی سروشت (ئاو، ئاگر، هەوا، خاک) دەستنیشان دەکرێت و تیۆری لەسەر دادەڕێژرێت. بە بەشێک لە پێکهاتەی ئەزەلی سرووشت و مرۆڤی لە قەڵەم دەدەن کە ڕایان وایە بە ڕێژە لەناویاندا بوونی هەیە. ئەم چوار توخمە ئەو چوار کەرەستەیەیە کە مرۆڤ لە قۆناغە سەرەتاکانیدا بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی لەگەڵیدا هەبووە، بۆیە تا ئەم دەمەیش ئەم توخمانە بە پیرۆز دادەنرێن و لەڕووی دەروونییەوە پەیوەندییەکی دێرینی لەگەڵ مرۆڤدا بەستووە.

لە عیرفاندا ئارکیتایپی ئاو چەندین مانا دەگرێتە خۆی (لە سەرروو هەموویانەوە بە مانای بوون و زانست دێت. جگە لەوەیش ماناکانی وجوود و هاتنەبوون، مەعریفەت، پاکێتییش دەدات.)(کەسنەزانی و بەرزنجی،٢٠٢٣، ١٢٢)

بباریێنی خــــــودا بارانی هـــەرچی فـــەیز و ئیحسانە
لەسەر ئەو باعیسی خەلق و گوزیدەی جەمعی ئەکوانە (خاکی، ١٤)

من گیاکەی هەڵپــــرووزاوی شـــەرارەی میـــــحنەتم
چاوەڕێی بارانی تۆم ئەی هەوری ئیحسان ڕەحمەتێ (سەید تاهیری هاشمی، ٤٤)

لە فەرهەنگی ئاوەزی کۆمەڵگەی کوردی و شیعری کلاسیکی کوردیدا ئارکیتایپی ئاو بەزۆری لە فۆڕمی باراندا خۆی دەنوێنێت، کە لە واتای کولتووری و عیرفانیشیدا ئاماژەیە بۆ ڕەحمەت و بەرەکەتی خودا ((باران دابەزینی ڕەحمەتە.))(عراقی،١٣٥٣، ٦٥) ژیانەوەیە، سەوزبوونی دەغڵودانە، بەرهەم و بڕشتە، چونکە سەرچاوەیەکی ژیانی ئەو وەک مرۆڤ ئاوە، سەرچاوەیەکی دیکەیشی وەک مرۆڤێک کە پێویستە قوتی ژیانی دابین بکات؛ هەر ئاوە، کە هەم باڵندە و ئاژەڵەکانی، هەم زەوی و کشتوکاڵەکەی پێ دێنێتە بەرهەم و ژێنەری. لە شیعری کلاسیکی کوردیدا مانای بنچینەیی ئارکیتایپی ئاو بە فۆڕمی (باران) وەک ڕەحمەت، بەتایبەت کینایەیە لە ڕەحمەت و بەرەکی نەبڕاوەی (محەمەد) پێغەمبەری خودا.

سائیلی دەرگاهی تۆم ئەی مەعدەنی فەیز و نەجات
تەی دەکەم چۆڵ و بیــــــابان، تاڵبی ئاوی حەیات (ئەمین ئوشنوویی، ٥٤)

چوو بە باد عومری درازم، هەر ئەتۆی مەقسەد و رازم
مەتڵەبێکــــت لێ دەخـــــوازم، قەترەیەک ئاوی حـــــەیات (ئەحمەدی کۆر، ١٧٥)

به قوربانت بم ئەی ساقی بدە پێم ڕاحەتی ڕۆحم
بەبێ ئاوی حەیاتی تۆ جگــەرسووتاو و برژاوم (حەریق، ١٠٩)

ئارکیتایپی ئاو لە فۆڕمێکی دیکەیدا دەبێت بە "ئاوی حەیات" و بە ناوەکانی؛ ئاو/ئابی بەقا، ئاوی ژیان، ئاوی خدر، ئاوی حەیوان، ئاوی نەمری...دووبارەدەبێتەوە. بە گێڕانەوە ئەفسانەییەکەی، ئەم ئاوە دەسکەوتنی گەلێک زەحمەتە. هەر کەسێک بە سەرچاوەکەی بگات و قومێکی لێ بخواتەوە، ژینی نەمری بەدەست دەهێنێت. لە هەندێک گێڕانەوەی ئەفسانەییدا وا دەبێت تەنها ئەو کەسانە ئەم ئاوەیان دەسکەوتووە کە خودا لە چارەی نووسیوون، ئەوانیش حەزرەتی ئیلیاس و حەزرەتی خدرن؛ ئەسکەندەرپاشایش بە دەسەڵاتی زۆر و تەخت و تاجییەوە دەبێتە ئەو نموونە ئەفسانەییەیە کە هەموو هەوڵێک بۆ دەسکەوتنی ئەم ئاوە دەدات و بە نسیبی نابێت، کە ئەمەیش وەک هێمایەک بۆ بێهێزی دەسەڵاتی مرۆڤ لە بەرانبەر دەسەڵات و قەدەری خودادا دەنوێنرێت. بێگومان هەر یەک لەم ناوانە لە ئەدەبی کوردیدا هەر بە ناوەکانی خۆیانەوە چەندین ئەفسانەیان لێ خوڵقاون، وەک: (ئەفسانەی ئەسکەندەری چارقورنەت و ئەفسانەی خدری زیندە)(حەسەن، ٢٠٢٠، ٣٣٠) لەو ئەفسانانەن کە لەسەر مۆتیڤی (گەڕان بەدوای نەمرییدا) بونیادنراون و لە ئەدەبی کوردیشدا دکتۆر (مەولوود ئیبراهیم حەسەن) کاری لەسەر کردووە.

ئارکیتایپی ئاوی بەقا ((لە زاراوەی سالیکان دا سەرچاوەی ئەوین و خۆشەویستییە.))(ئەنیسی،١٩٩٠، ١٨١) مەبەست لێی ئەوینی خوداییە، کە هەر کەس قومێک لە ناسین و ئەوینی بخواتەوە عاشق دەبێت، نەمریش بە عاشقیی بەدیدێت. سەبارەت بە ((عەشق خۆی ئاوی حەیاتە، کەسێک عاشق بێت، جاویدە و نامرێت.))(کەسنەزانی و بەرزنجی، ٢٠٢٣، ١٢٥) بە سەرنجدان لە شیعر کلاسیکیمان، شاعیران تامەزرۆی ئاوی حەیاتن و داوای قەترەیەک لەو ئاوە لە خودا دەکەن، کە عیشق و ئەوینی خوداییە، بەڵام (سالم) هەمان ئارکیتایپ بە ویستێکی جیاواز لەوان دووبارەدەکاتەوە:

گەر لە حەوزی کەوسەرا ئاوی حەیات بۆم دەس بدا
ژەهرەمارێکە بەبێ تــۆ قەت بە مـــن ناخــورێتەوە (سالم، ٨٤٥)

ئاوی حەیات کە لە (حەوزی کەوسەر)ی بەهەشتدا بوونی هەیە و بە پێغەمبەری خاتەم (محەمەد) بەخشراوە ((إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ)) (کەوسەر:١)، ئاوێکە لە شیر سپیترە و لە هەنگوین شیرینترە و لە میسک بۆنخۆشترە، ئەوەی بیخواتەوە هەرگیز تینووی نابێت. بەم پیرۆزی و شیرینییەوە لای سالم لەگەڵ ژەهری ماردا جیاوازی نییە. ئەو بەهەشتەیشی ناوێت کە موسوڵمانان لە دنیادا هەوڵی بۆ دەدەن، گەر بڕیار وابێت لەو شوێنەدا و بە بوونی ئەو ئاوە دیداری یاری بە نسیب نەبێت.

### ٢.٣- باڵندەکان

ئارکیتایپی باڵندە لە دەروونناسی یۆنگدا (یەکێکە لە ئارکیتایپە دووبارەبووەوەکان، کە زیاتر پەیوەندی بە ڕۆحانییەت، پیرۆزیی، یەکێتییەوە هەیە)(sasani and sotoodeh, 2023, 23). لە زمانی عیرفاندا باڵندە فڕیوەکان واتایەکی قووڵ و ڕازئامێز دەبەخشن، بە هەمان شێوە لە سەرەکیترین واتایدا ئاماژە بە ڕۆحە پیرۆزەکان دەکات. چەمکی باڵندە ((لە شەتەحیاتی عارفاندا بە واتای ڕۆح و گیان دێت.))(اقبال، ١٣٩١، ١٨٧) ڕۆحی پیرۆزیش لە مانای گشتیی عیرفان و ئەدەبیاتی عیرفانیدا مەبەست لێی خودا، فریشتەکان، پێغەمبەران، وەلییان و پیرانە، کە تایبەتمەندی باڵندەیان هەیە. تایبەتمەندی بنچینەیی باڵندەیش لەگەڵ هەر گیانلەبەرێکی دیکەیدا، بوونی باڵ و هێزی فڕینە، کە بەرزایی ئاسمانەکانی پێ تەی دەکات. ئەو ڕۆحلەبەرانەیش بەهۆی بەرزی ئاستی ڕۆحی و نزیکایەتییان لە خوداوە بە باڵندە ناودەهێنرێن. سالیکانی گەیشتوو، کە دواتر هەندێکیان پیران و ئەولیایان لێ دروست دەبێت، کاتێک ڕێگای حەق هەڵدەبژێرن، لە باڵندەیەک دەکەن کە دەیانەوێت لە قەفەسی جەستە ڕزگاریان ببێت و بەرەو مەنزڵی حەقیقی ئاسمان تەی بکەن. ((کاتێک باڵندە قەفەسەکەی بەجێدەهێڵێت و بەرەو لانە ڕەسەنەکەی و سەرچاوەی فیترەتی خۆی دەفڕێت، لەنێوان ئەو و پاشادا ماجەرایەکی حەقیقی ڕوودەدات کە لە باسکردندا نییە، کاتێکیش ڕێگە بە گەڕانەوەی باڵندەکە دەدرێت، ئیجازەی پێ دەدرێت هەقایەتی حاڵی خۆی بۆ ئەو ڕێبوارانەی لە ناوەندی کات و فەزادا گیربوون بگێڕێتەوە.))(گوهرین، ١٣٨٢، ٢٧٥)

لە مانای لێکەوتەیی ئەم ئارکیتایپەدا، هەر باڵندەیەکی سەر بە بازنەی عیرفان دەبێتە ئارکیتایپێکی سەربەخۆ، وەک ئارکیتایپەکانی: (بولبول، بوراق، هوما، هودهود...تادوایی)، ئەرکی نوێنەرایەتیکردنی ئەو ڕۆحە یان هێمایەیان پێ دەسپێردرێن، کە بەپێی نزیکایەتی تایبەتمەندی هەر یەک لەو ڕۆحانە بە باڵدارێکی فڕیوەوە، نازناوی باڵندەکەی پێ دەبەخشن و ئیدی بەناوهێنانی ئارکیتایپی باڵندەکە لە زمانی سۆفییاندا، تێگەیشتن لە کۆدی باڵندەکە بۆ پەیڕەوانی عیرفان ڕوون و زانراوە. (نەریتی ئەدەبی مەسیحی و ئیسلامی پڕن لە چیرۆک و ئەفسانە و بیروباوەڕ سەبارەت بە باڵندە وەک میتافۆرێک بۆ ڕۆحی مرۆڤ. کە تیایدا لە یەکێک لە ئاماژە ناسراوەکانیدا نوێنەرایەتیکردنی ڕۆحە.)(ڕۆوگ، ٢٠٠٩، ٩٧-٩٨) بەم شێوەیە ئارکیتایپی باڵندە پەیوەست بە تایبەتمەندی و چیرۆکەکانییەوە خزمەت بە چییەتی و چۆنییەتی ڕێگەی عیرفان دەکات و نوێنەرایەتی ڕۆحە باڵندەئاساکان دەگرێتەئەستۆ، کە لێرەدا نموونەی ئارکیتایپی وێنەیی هەندێک لەو باڵندانە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا دەخەینەڕوو.

### ١.٢.٣- بولبول:

بولبول ئەو ئارکیتایپەیە کە بە بیستن و بینین و خوێندنەوەی ناوەکەی، دەسبەجێ وێنەی باڵندەیەکی خۆشخوانی ناو گوڵشەنێکت دێتە پێش چاو، کە بەردەوام بەسەر قەد و باڵای گوڵی دڵبەریدا دەخوێنێت. لای کورد کەسێک دەنگی خۆش بێت بە بولبول ناوی دەهێنرێت، خۆشخوان و بولبولخوانیشی بۆ بەکاردەبرێت؛ لە کۆڕی تەسەوفیشدا بەهەمان شێوەیە. لە دنیای موحیببەتی عیرفاندا ئارکیتایپی بولبول دەبێتە ڕەمزی یەکێک لە پلەکانی عاشق و عاشقبوون، کە پەیوەندی بە قۆناغەکانی سەرەتای ئەوینداریی سالیکەوە هەیە. ((بولبول ئاماژەیە بۆ عاشق، کە هەرگیز لە یادی گوڵ کە مەعشووقە غافڵ نابێت، هەروەها هێمایە بۆ سالیکی سەرەتا، کە هێشتا فێری ئادابەکانی بەرگەگرتن و خامۆشی نەبووە.))(کەسنەزانی و بەرزنجی، ٢٠٢٣، ٢٣٢) حەمدی شاعیر لەبەر ئەم هۆیە بولبول لە ڕیزی ئەهلی دڵ دەردەکات و بە شایەنی نازانێت سرڕی مەعشوقی پێ بدرێت، چونکە بە هۆی فزووڵی و دەمبەهاوارییەوە و ئەم نهێنییە دەدرکێنێت.

مـــــن لە سلکی ئەهـــلی دڵدا بولبوولم دەرکردووە
سرڕی مەعشووقی بە عیففەت نادرێتە دەس فزوول (حەمدی، ٢٩٧)

لە عیرفاندا سالیکان ئەم مەقامە جێدەهێڵن و لە پلەکانی دواتردا فێری ئادابی موحیبەت دەبن؛ کە سەقامگیری و سکونەتە و ئادابی حەقیقی موحیببەتە. مەحوی وتەنی: "سووتانی بە بێدەنگییە ئادابی موحیببەت." بەڵام ڕێژەیەکی کەم لە شاعیرانی کلاسیکمان بەم مەقامەی مەحوی و حەمدی گەیشتوون، ئەوانەی دەمێننەوە ئارکیتایپی بولبول بەم شێوەیە دەهۆننەوە:

موڕادم حاڵی خۆمە گەر حەدیسی شۆڕی بولبول کەم
ئیشارەی ڕوویی تـــۆیە گەر بەیانی نازکیی گوڵ کەم (سالم، ٤٧٩)

دەرسی عیشقم هەر لە کن پەروانە یا بولبول بووە
بیگەمێ یا نەیگەمێ، هەر مەشقی ئـوستادێ دەکەم (مەحوی، ٢٧٧)

دڵی بولبول لە دەوری باغی گوڵ یاری نەکا چ بکا؟
لەتاوی غونچە هەردەم شیوەن و زاری نەکا چ بکا؟ (سافی، ١٦)

چاوەڕێی موژدەی نەسیمم تا لە گوڵشەن دێتەوە
بەڵـــکە فەرمایش بـکا گوڵ، بولبولم با بێتـــەوە (حەریق، ١٦٢)

وێنەی ئەم ئارکیتایپە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا دەبێتە بولبولێکی عاشقی بە ناڵەوفیغان، کە بۆ دیدەنی یاری گوڵستان چۆڵ ناکات و تا گوڕی هەیە شینی قەدوباڵای یاری دەکات. شاعیران خۆیان بە بولبول دەچوێنن و بولبولئاسا شینی

دووری یاریان دەکەن، دەرسی عیشقیشی لێوە فێردەبن. بەحەقی خۆشیان دەزانن ئەم هەراوهوریایە بگێڕن، چونکە گڕی عیشق تینی بۆ هێناون. کە کۆی ئەم حاڵانە بەڵگەن لەسەر نیشاندانی سەرەتاکانی عاشقێتی و پێنەگەشتوویی سالیک. شاعیرانی عیرفانی کوردی بەگشتی و لەناویاندا (وەفایی) دەستێکی باڵایان هەبووە لە هێنانەوەی ئارکیتایپی بولبولدا.

هەر لەحزە وەفایی وەکوو بولبول کە دەنـــاڵێ
کەس مەنعی نەکا عەشقی گوڵەندامی لەسەردا (وەفایی، ١١٣)

سەحەر مەستانە هات بولبول بە شادی بۆ تەوافی گوڵ
کە دی باغ بێگوڵە، داغ بوو، بە سەد ئاهـ و فوغان ڕۆیی
مەڵێن: بولبول مەناڵێنە کە وا گوڵ گوڵشەنی چۆڵ کرد
دڵ ئـــارامی نـــەما چ بکـــا؟ کـــە ئارامی دڵان ڕۆیی (وەفایی، ٣٧٠)

نەی سیـــفەت ناڵیـنمە، بولبول تەریقـــەت شیـــنمە
شای شەکەر لێوان گوڵ و ئەگریجە لەرزانم نەهات (وەفایی، ١٢٩)

پەروانە سیفـــەت ســـوختەیی شەوقی چراغم
وەک بولبولی شەیدا هەموو سووتاوە دەماغم (وەفایی، ٢٨١)

وەفایی سۆزی ئەوین ئارامی لەبەر بڕیوە و خستوێتییە باری جومبوجوشەوە، داواش دەکات کەس لۆمەی نەکات لەسەر ئەم حاڵەی، چونکە لەتاو شیوەنی عاشقی و دووری یارییەتی. دیارە ئەم باسەیش لەو شوێنەوە دێت کە سالیکی تازەڕێ بەدڵگەرمییەوە دێتە بازنە عیرفانەوە و شارەزاییەکی وای نییە، دەیەوێت زوو بە نووری مەعریفەی مەعشووقەکەی ئاشنابێت، ئاشکرایشە ئەم داواکارییە بۆ دەستپێک دووردەڕوانێ و سالیک گەشتێکی درێژی لەپێشە تا بگات بە ویساڵ.

### ٢.٢.٣- شاهین و باز:

شاهین و باز دوو باڵندەی نێچیرڤانی تیژڕەو و بەرزەفڕن. وردبین و دووربین؛ بەگوڕ و ئازان و زۆر بەخێرایی دەتوانن شکار بکەن. شاهین بەرزەفڕترین باڵندەیە کە لە سەربەخۆیی و ئازادییەکی تەواو دایە. سەبارەت بە چاوی؛ گەورە و ڕەشێکی تەواوە. باز بۆ خێرایی لەدوای شاهینەوە دێت. چاوێکی قووڵ و چڕی هەیە و بەگشتی ڕەنگی زەرد، سوور، هەندێک جاریش سپی و ڕەساسیباوە. لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا ئەم دوو باڵندەیە دوابەدوای یەک دەبنە ئارکیتایپ و بەم سیفەتە بەرزانەوە بە نموونە دەهێنرێنەوە. لە عیرفاندا شاهین و باز دەبنە دەلالەت بۆ ئەولیایان و پیرانی ڕێی حەقیقەت، بۆ بەرزی ئاستی ڕۆحانیی و بینایی و قودرەتیان، کە لە دەربڕینە عیرفانییەکاندا باز لە شاهین بەناوترە، ((باڵندەیەکی ناسراو و نزیکی عارفانە، کینایەیە لە ڕۆح و ڕۆحە پیرۆزەکان و نەفسی گۆیای مرۆڤ.))(سجادی، ١٣٨٣، ١٨٠).

تەیری دڵ لەم ناوە دەرناچێت و ئەو حەددی چییە
چونکە یارم بازێکە نەخچیری سەد شاهـــین دەکا (سافی، ١٤)

لە دنیا تێپەڕی هەر کەس بە باڵی هیممەت، ئازایە
لە عوقباش ئەو کەسە گەر تێپەڕی، بازێکە ئازاتر (مەحوی، ١٦٠)

نەشئەیی (زێوەر) بە پیاڵەی چاوی تۆوە باقییە

سا بە مەقسوودی ڕەقیبان دیدە شاهینم! مەڕۆ (زێوەر، ١٣٨)

خوا بمکەی بە پۆڕێ ئاشیانم مەنــــزەری ئەو بێ
کە شایەد ببمە سەیدی غەمزەیی ئەو چاوە شاهینە (بێخود، ١٠١)

بە ڕووخ ڕەنگین و دڵ سەنگین، میان لاغیر، کەمەر زەڕڕین
نیگەهـ شاهین و موو موشکین زەنەخ سیمین و لەب شیرین (سالم، ٦٠٢)

لە شیعری کلاسیکیدا ئەم ئارکیتایپە بە تایبەتمەندییەکانی: بەهێزی، بەرزەفڕی، دەسەڵات، تیژڕەوی، وردبینی، چاوجوانی...دووبارەدەبنەوە و وەسفی پیر و یاری پێ دەکەن، کە بەگشتی شاعیران لە بەرانبەر ئەم باز و شاهینە(یاریان)دا بێهێز و بێدەسەڵاتن. چاوی ئەم دوو باڵندەیە سەرنجی زیاتر لەسەرە، بەشێوەیەک شاعیران ئارکیتایپی "دەیدە باز" و "دیدە شاهین" لەم ئارکیتایپانە بەرهەم دێنن، کە بە دیتنی ئەم چاوانە سالیک/شاعیران ڕام دەکرێن و قودرەتیان لە ئاست بەهێزی و جوانی و مەستیاندا نامێنێت، کە ئاماژەیە بۆ بەرەکەت و ڕووناکیی پیران، کە بەهۆی بڕینی مەقامات و کێشانی خەڵوەتی بەردەوام و یادکردنی خوداوە دەستیان کەوتووە. هاوکات شاعیران بەراوردی ئەم دوو باڵندەیە بە باڵندەکانی خوار خۆیان دەکەن و خۆیان بە باڵندە بێهێزەکان دەچوێنن، وەک نیشانەیەک بۆ لاوازییان لە ئاست و پیر و ئەولیایاندا، کە شاهین و بازن:

مەحویا بازێکی تۆ، قــوودس ئاشــیان
بوونە بوومی شوومی ئەم وێرانە بۆچ! (مەحوی، ١٣٢)

لە عەهدی دیدەیی یارا دڵ و سیحەت بەسێ زیددن
بە سالم کەی دەمێنێ، باز ئەگەر چنگی لە تەیهوو دا (سالم، ٦٢)

نالی ئەو وەحشی غەزالە کەس ئەبەر داوی نەکەوت
چونکە شاهێنی دوو چاوی تیژە، دائــیم سەر دەکا (نالی، ١٠٧)

غەم وەکوو شاهین بەرەوڕووم دێ بە قین
ئەمنی هـــەژاریش بە خودا وەک کـــــەوم (سەید کامیل، ٢٦١)

لە بازی عیرفان و ئەدەبی کلاسیکدا ئارکیتایپی "شاباز" یاخود "شەهباز" هەیە کە شای هەموو بازەکانە و لە ئارکیتایپی باز بەرهەمدێت. هێمایە ئەو وەلیانەیە کە هێز و پلەی ڕۆحیان بە ڕادەیەک بەرزە، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی پیر و ئەولیایانیانی دیکەیان پێ دەبەخشرێت. ((شاباز پلەیەکە لە پلەی عارفان، کاتێک دەگاتە ئەو پلەیە، وەک سەرپەرشتیکەری عارفانی تر وەهایە، لە جیهانی ڕۆحەکاندا.))(کەسنەزانی و بەرزنجی،٢٠٢٣، ٦٣٢) لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ئارکیتایپی شاباز ڕەمزە بۆ عارفی گەورە "شێخ عەبدوولقادری گەیلانی" کە بە "غەوسی گەیلانی"یش ناودەهێنرێت.

غەوسی ئەعزەم شاهبازی ئەوجی عولیا هیممەتێ
قوتبی عالەم سەرفەرازی تاجی عوزما هیمــمەتێ (سەید تاهیری هاشمی، ٣٢)

ئـــەی ڕەییسی ئەولیایان غەوسی موحـیەددیـنی نـام
گـــەوهەری دەریایی پـــاکی حـــەزرەتی خـەیرولئەنام
شـــاهبازی دەرگەهی حەق دەستگیری خاس و عـــام
دایمە دەروێش و مەحسووبت دەڵێن هەر سوبح و شام (ئەمین ئوشنوویی، ٣٧)

سەر و ماڵم بە قـــوربانی شەهی ساکن لە بەغدایە
شیفای دەردی منی مەزڵووم بە لوتفی ئەو نەبێ نایە
جەنابی غـــەوسی گەیـــلانی، شەهێکە قودوەیی دینە
لە زومرەی شـــاهبازاندا، بەڵێ هەر ئەو شەهەنشایە (میرزا غەفوور، ١٠٤)

### ٣.٢.٣- هوما:

هوما کە "پیرۆزە"یشی پێ دەڵێن، بە مورغی سەعادەت‌یش ناسراوە. بە هەمان شێوەی شاهین و باز باڵندەیەکی ڕاوکەرە و تەنها ئێسقان دەخوات، بەم هۆیەشەوەیە کە (ڕێز و پلەوپایەی لە هەموو باڵندەکانی دیکە زیاترە، لەبەرئەوەیە کە ئێسقان دەخوات و گیانلەبەر ئازار نادات.)(عارف، ٢٠٠٩، ١٠٠٥) ئەم ئارکیتایپە لەناو دەقە ئەفسانەییەکاندا باڵندەیەکی بەرچاوە، کە هێمای بەخت و شادی دەدات و ڕۆڵێکی مەزن دەبینێت لە دەستنیشانکردنی پاشای وڵات دا. ((پیرۆزە، باڵندەیەکە لە ئەفسانەدا بە پیرۆز و فەڕدار دانراوە. دەڵێن بەسەر هەر یەکێکەوە سێبەر بکا، دەبێ بە پاشا.))(مودەریس و ئەوانی تر، ٢٠١٥، ١١٥٨) ئەفسانەکە بەو جۆرەیە کاتێک خەڵکی کۆدەبنەوە بۆ هەڵبژاردنی پاشای وڵات، لەپێناو ئەوەی بڕیارێکی دادپەروەرانە بدەن و گرژی و ناڕەزایی لێنەکەوێتەوە، پەنا دەبەنە بەر باڵندەی هوما یاخود باز تا پاشای وڵاتیان بۆ دیاریبکات. ئیدی لە سەرای شاردا باڵندەکە هەڵدەفڕێنن و بەسەر سەری هەرکەسێکەوە سێبەر بکات؛ دەبێت بە پاشای مەملەکەتەکە. بەزۆریش ئەم هومایە لەسەر سەری کوڕەکەچەڵەی ناوی هەقایەت و ئەفسانە فۆلکلۆرییەکانەوە سێبەر دەکات. لە عیرفاندا هێمایە بۆ خۆشبەختی و سەڵتەنەتبەخشی و پێگەی پاشایەتی مەعنەویی.

برۆت باڵی هوما سایەی سەری سوڵتانی حوسنت بوو
خەتت هات و وتی: من ناسیحی توغرایی خـــونکارم (نالی، ٢٨٤)

نالی کە غوڵامی مەدەدی زوڵف و برۆتە
شاهێکە لە بن سایەی باڵی دوو هومـا دا (نالی، ٨٣)

ئەکەم تەخسیری موڵکی هیند ئەگەر ئەو دلبەرە ڕۆژێ
بخاتە سەر سەرم وەک سێبەری باڵی هـــوما پەرچەم (کەمالی، ٨٣)

ئەی خامە حەیا کە لە حەیای حەزرەتی عوسمان
گوڵچین بە، لە گوڵزاری ئەدەب وەک گوڵی ڕێحان
بۆ ئەهلی ســـەعادەت، چـــە زیابەخـشە جەماڵی
بۆ ئەهلی نەزەر، باڵی هـــومایە، پڕی مـــوژگان (خادیم، ١٢٣)

ئەو دوو ئەبرۆیە کە پەیوەستە بە جووتە، وەک هوما
سایـــــەبانی چاوی بیمارن، لە عـــالەم بوونە تاق (مەحوی، ٢٢٠)

نانوێنێ بێ بەسەرما گەر موسیبەتهایی چــــەرخ
تا لەسەر سەرمە لە سایەی زوڵفی تۆ باڵی هوما (سالم، ١٥)

بەو پێیەی هوما دوو باڵی پەڕداری گەورە و فراوانی هەن و سێبەرێکی گەورەیش دەداتەوە، هەر بۆیە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا زوڵف، پەرچەم، برۆ، موژگان و هەندێکجار گەندەموو/خەتی ڕوخساریش؛ بەم جووتە باڵە دەچوێنرێن و بەژدارن لە دروستکردنی ئارکیتایپی هوما دا. کە وەک چۆن هوما دوو باڵی پڕ و سایەیەکی گەورەی هەیە، ئاوایش پەلکی دوو زوڵف، دوو موژگان؛ دوو برۆی سەر ڕووخساری یار بوونەتە سێبەر و پارێزەری سالیکان/شاعیران. کە بە تەعبیری ئەهلی تەسەوف هوما دەبێتە زاتی حەق، باڵەکانی دەبنە دەسەڵاتی و سێبەرەکەیشی دەبێتە ڕەحم و بەرەکەت و باوەشی خۆشبەختی. شاعیرانیشمان دەبنە غوڵامی ئەم زوڵف و برۆ هومائاسایە و پشتبەست بە واتا ئەفسانەییەکەیشی لەم بازارەدا گەدایانە خۆیان بە پاشا دەزانن.

باڵی کێشاوە بەسەر حوسنا لە دوو لاوە برۆ
وەک هوما گەییە مەقامێ پێی لەسەر چاوە برۆ (حەمدی، ٥١)

لەم بەیتەدا (حەمدی) ئارکیتایپی هوما بە مانایەکی ورد دەهۆنێتەوە: هوما کە نیشانەی سایەبان و پارێزەریی خودایە، چۆن باڵەکانی دەکاتەوە و پێی دەخاتە سەر سەری کەسێک و مەقامی پاشایەتی پەدەبەخشێت، ئاوایش برۆ کە بەسەر ڕووخسار و جیلوەی جوانی خوداییدا داوە، بە ڕاوەستانی لەسەرووی چاوەوە چاوی خستۆتە مەقامی حوسنەوە و پارێزگاری لێ دەکات، کە جیلوەگای جوانیی خوداییە.

### ٤.٢.٣- بوراق:

بوراق تاقانە ئەسپێکی فڕیو و پیرۆزە و سەر بە جیهانی مەلەکووتە. تیژڕەو، باڵگەورە، شاخدار، پڕ نوور و ڕەنگ سپییە؛ شێوە و نموونەی لە واقعدا نییە. ئەم ئەسپە یەکێک لەو جیاوازییە دیارانەی لە ئەسپەکانی دیکەی جیادەکاتەوە، هەبوونی دوو باڵی پەڕگەورەی فڕینە. لە ئەفسانەی جیهاندا نموونەی گیاندارێکی ئاسمانی کە دوو باڵی هەبێت و بفڕێت، بەڵام باڵندە نەبێت، (گای باڵدار)ی ناو داستانی (گلگامێش)ە. کاتێک خوداکان بۆ لەناوبردنی گلگامێش و ئەنکیدۆی هاوڕێی دەنێرن، بەم جۆرەیە:((کخوداکان گاجووتێکی ئاسمانی دەنێرن بۆ تۆڵەسەندن لە شا و شارەکەی. گاجووت باغ و باغات تەخت دەکا، ئاوی زێ دەخواتەوە، خەریک دەبێ شاری ئورۆک بە تەواوی وێران بکا...))(خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٣٨)

بە گێڕانەوەی ئاینی ئیسلام بوراق ئەو ئەسپەیە کە بە ئەمری ئیلاهی بە یاوەری حەزرەتی جوبرەئیل هێنرایە خزمەت پێغەمبەر محەمەد "سەلامی خوای لەسەر بێت" تا شەوڕەوی پێ بکات. شەوڕەوی یاخود ئیسراومیعراج بەگشتی لە ئایینی ئیسلامدا و لای موسوڵمانانی کورد شەوێکی پیرۆزە. چونکە پێغەمبەر کارەکتەری سەرەکی بووە تیایدا و بەتەنها مولاقاتی لەگەڵ خودادا کردووە، کە نەبینراوی پێ ڕەوا بینراوە و تیایدا نوێژ لەسەر موسوڵمانان فەرز کراوە. لای موسوڵمانان و بەتایبەت لای کورد هەرچییەک لەو شەوەدا ڕوویدابێت و هاوڕێ و هامدەمی پێغەمبەر بووبێت بە پیرۆزیان زانیووە؛ ئەسپی بوراق یەکێک لەو پیرۆزیانەیە. ئەم ئەسپە جگە لەوەی دیارییەک بوو لە جیهانی مەلەکووتی خوداوە بۆ پێغەمبەر و وێنەی لە دنیای ماددیدا نەبوو، نێردراو و هاوسەفەری ئەو زاتە بوو، ناوەندێکی سەرەکیش بوو بۆ گەیاندنی دیداری پێغەمبەر بە حزووری زاتی حەق. بەم هۆیە ئەسپی بوراق پێگەیەکی گرنگ و پیرۆز لە فەرهەنگی موسوڵماناندا پێ دەدرێت. کە ئەم ئارکیتایپە لە عیرفان و ((لە ئەدەبیاتی سۆفیانەدا مەبەست لێی عەشقە کە گیانی دولبەر بە جیهانی گیانی پەیوەست دەکات.))(شوان، ٢٠١٠، ٦٨) و (دەبێتە ڕەمز بۆ پرتەو و نووری لوتفی خودا کە کار دەکاتە کردە و ڕێتێنەچوو ڕێی تێ دەچێت.)(کەسنەزانی و بەرزنجی،٢٠٢٣، ٢٣٤) ئەم ڕووداوە پیرۆزە لە کۆنەستی مرۆڤی کورددا جێگیر بوو تا لە دواتردا شیرینی ئەم یادەیان بە جۆرەها شێواز دەکردەوە، وێنەی بوراقییان بە دیواری ماڵەکانیاندا هەڵواسی و لەسەر کەلوپەل و کەرەستەکانیان وێنەیان کێشا، شاعیران و ئەدیبان چەندەها جار و بە جۆرەها شێواز ڕووداوی ئەو شەوە پیرۆزەیان گێڕایەوە.

له بۆ میعـــــراجی وەســـــڵت بێ بـــوراقی پڕتەوی لوتفت
له کولبەی میحنەتی عەزمی حزوورت کەم نەکەم چی بکەم؟ (ناری، ٨٩)

بنازم بەم شەهی مەهـ سەیرە بۆ گەشت و گوزاری شەو
ســــــــوارێکە، بـــــوراقی تەوسەنە، جیـــبریلیە شاتر (مەحوی، ١٦٠)

کە مەدعووی لازەمان و لامەکان و قوربی بێچوونی
سوار بە لەم بوراقە باریقە، لەم ڕەخشە ڕەخـــشانە (نالی، ٦١)

پادشای هەردوو جیهانی سەبەبی کەون و مەکان
خاتەمی دەوری زەمان، تاج و **بوراقت** بوو خەڵات (ئەسیری، ٥١)

سەیری بکە ئەم حورمەتە لای خالیقی باقی
جبریلی کەوا کردە جەلەوکێشی **بـــــوراقی** (عاسی، ٢٧٦)

بوراقت پێی لەسەر سەرمە هەتا ئەقصی، لەوەو ژوورتر
پەڕی جیبریل و میـــکالت لە هـــەرجێ نـــەعل گەردانە (خاکی، ٣٧)

له شیعری کلاسیکی کوردیماندا شاعیران ئارکیتایپی بوراق لەلایەک پەیوەست بە واتا عیرفانییەکەیەوە و لەلایەکی دیکە لە باسی دڵگەرمی و یادی شیرینی پێغەمبەریاندا دەهێننەوە، کە وەک خەڵاتێکی گەورە و پیرۆز بە پێغەمبەری خۆشەویستیان بەخشراوە و هەر ئەو بە شایستەی خەڵاتێکی لەو جۆرە دەزانن. بە شانازیی و سەربەرزییەوە وەسفی پێغەمبەر و ڕووداوەکە و بەخشینەکە دەگێڕننەوە.

هەر شوانێ کەی دەبێتە هەمقەرینی شاهی من؟
سواری کەر نابێ ببێتە هەمتەکی سواری **بوراق** (مەحوی، ٢٢٠)

مەحوی هەمیشە پێغەمبەر محەمەد لە پێغەمبەرەکانی دیکە جیادەکاتەوە و فەزڵی دەدات بەسەر ئەوانی دیکەدا. لەم بەیتەشدا لە دەربڕینی سۆز و خۆشەویستییەکی فراواندا پێغەمبەر دەباتە جێیەکی بەرزتر و لەوانی دیکەی جیادەکاتەوە، بەوەی هەموو شوانێک نابێت بە شا و ئەو کەسەی بە سواری گوێدرێژ دەڕوات (کە مەبەست لێی پێغەمبەر عیسا و پێغەمبەر موسا)یە، نابێت بە هاوتەک و هاوشانیی کەسێک بە سواری بوراقەوە بێت، کە وەک بروسکە ڕێ دەبڕێت، ئەوە تەنها محەمەدە کە لە مەقامی شایەتیدایە و هەر بۆ ئەو شایەش کراوە بە بوراق شەوڕەوی پێ بکرێت.

**٥.٢.٣- هوودهوود/ پەپووسلێمانە:**

پەپووسلێمانە ئەو ئارکیتایپیە کە ماناکەی دەستبەجێ دەمانبات بۆ چیرۆکی حەزرەتی سولەیمان و تەختی بەڵقیس. هوودهوود کە ((بە باڵندەی سلێمانیش ناودەبرێت.))(سجادی،١٣٨٣، ٧٩٧) گێڕانەوەی چیرۆکەکە لە قورئانی پیرۆزدا بەم شێوەیەیە: حەزرەتی سولەیمان چاوی بە مەلاندا گێڕا و پرسی کە پەپووسلێمانە نابینێت. پاشان وتی؛ ئەگەر خۆی دزیبێتەوە دەبێت سزای بدەم، یاخود بەڵگەیەکی ئاشکرام بۆ بهێنێت. زۆر نابات پەپووسلێمانە دەردەکەوێت و پێی دەڵێت: شتێکم دەستکەوتووە کە دەست تۆ نەکەوتبوو؛ وا من لە سەباوە هاتووم، دەنگ و باسێکی دروستم بۆ هێناویت.(نەمل:٢٠-٢٢) لێرەوە هوودهوود هەواڵی فەرمانڕەوایی تەختی بەڵقیس و سوجدەبردنیانی بۆ خۆر بۆ دەگێڕێتەوە.

لەم گێڕانەوە قورئانییە ئارکیتایپی پەپووسلێمانە ئاماژە بە باڵندەیەکی پەیامهێنەر، زیرەک و وریا دەکات. لە تەسەووفدا، لە یەکێک لە نامەکانی فەیلەسوف و عارفی دیار (سوهرەوەردی)دا گێڕانەوەی تەسەوفی چیرۆکی پەپووسلێمانە بەم جۆرەیە: ((هەموو باڵندە [و تەیر و تیۆر] لە بەردەم و خزمەت سلێماندا ئامادە بوون، تەنها پەپووسلێمانە نەبێت، سلێمان باڵندەیەکی نارد تا بە پەپوو بڵێت: پێویستە ئێمە یەکدی ببینین. کە پەیامەکەی سلێمان بە پەپوو گەشت، چونکە هەرگیز لە هێلانەی خۆی دەرنەچووبوو، بە یارانی خۆی گوت کە فەرمانی سلێمان بەم جۆرەیە و ئەویش نابێت درۆ بکات، پەیمانی کۆبوونەوە لەگەڵ ئەو داوە، بەڵام گەر ئەو لە دەرەوە بێت و ئێمە لە ناوەوە، دیدار مەیسەر نابێت و ئەو لە هێلانەی ئێمەدا ناشێت و ناگونجێت[جێگەی نابێتەوە] وهیچ ڕێگەیەکی دیکە نییە ]مەگەر ئەوەی من بێمە دەرەوە].))(ئەمین،٢٠٢٢، ٢٤٨) لە کتێبی بەنێوبانگی (منطق الطیر)ی عارفی گەورە؛ عەتاری نەیشاپووریدا، پەپووسلێمانە ڕێنیشاندەری باڵندەکانە لە گەشتنیان بەرەو شوێنی سیمورغ/حەق(النیشابوری،٢٠٠٢، ١٨٠)، کە ئەم ئاکامەیش بە زیرەکی و ڕێزانی پەپووسلیمانە بەدیدێت.

سولەیمـــانم هەواڵی مـووری پرسیم
لە ناو ئەمساڵم ئەز هوودهوود لە تەیران (مەحوی، ٢٨٤)

ئەلا ئەی هودهودی باغی سەبا فەورەن بە تەعجیلی
تَعـال اِذهَـب بِمَکتـوبِي اِلي مَولاىَ زنبـيلي (مەلا مارف کـۆکەیی، ٢٥)

بولبولێکی خۆشنەوا بووم بـۆ نەوای دەوری گوڵت
کـێ وەکوو هوودهوود حیکایاتی سەبای گـێڕایەوە (حەریق، ١٢٥)

نەسیمی بای شەماڵ بـابێ لە ئیقلیـمی وەفـاداران
لە پایتەختی "سەبا" هووودهود چ بینێ چاکە بـۆ یاران (موخلیس، ١٥٥)

لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ئارکیتایپی هودهود بە نیشانە و مەبەستە قورئانی و عیرفانییەکەی، بە هەمان واتاکانی ڕێنیشاندەری، نامەبەری و خۆشخەبەری، زیرەکی و وریایی دووبارەدەبێتەوە.

گەر هوود هوودەکەی بادی سەبا بێ لە سەباتان
گەر تەختی سولەیمـــانییە ئەیخـــاتە هـــەواتان (بێخود، ٧٢)

لەم بەیتەدا بێخودی شاعیر وێنەیەکی پێچەوانە بە چیرۆکی ئارکیتایپی هودهود و تەختی سولەیمان دروستدەکات؛ ئارکیتایپی هودهود بە بادی سەبا دەچوێنێت و دەڵێت ئەگەر بادی سەبا هودهود ئاسایانە لە سەبای ئێوەوە بێت، کە مەبەست لێی عالەم و عەرشی خودایە، گەر ئەو شوێنە وەک سەڵتەنەستی سولەیمان گەورە و بەدەسەڵات بێت، ئەو بایە ئەیخاتە سەر سەرگەرمی و هەوای ئەو شوێنەی لێوەی هاتووە.

### ٦.٢.٣- عەنقا/سیمورغ:

عەنقا بە هەردوو ناوی (باڵندەی ئەفسانەیی) و (سیمورغ)یش ناوی دەبەن، بەزۆری لای کورد بە عەنقا ناسراوە و لای فارسەکانیش بە سیمورغ. ئەم سیمورغە ((باڵندەیەکی زۆر گەورە و بە عومرە، وەک لە ئەفسانەکاندا باس دەکرێ. دەتوانێ پاڵەوان بە چەک و بارەوە بە حەفت کوندە ئاو و حەفت کەلەشاکوشتی و حەفت نووردی نانەوە هەڵگرێ و چەندان ڕۆژ هەر بفڕێ و نەنیشێتەوە، تا لە بن دنیای دێتەوە سەر دنیای.))(مەولوود، ٢٠٢٠، ٥٨) باڵندەیەکە سەر بە

جیهانی ئەفسانە و ڕۆحە پیرۆزەکانە. نەبینراوە، بەڵام پێگەیەکی بەرزی هەیە و ناو و هەیبەتی تا ئەوجی عالەم ڕۆیشتووە. لە عیرفاندا ئەم نادیاریی و نابەرجەستەییە کە لە (لامکان) و (لازەمان)دایە، ناوی هەیە و ئاشکرایش نییە، ئاماژەیە بۆ زاتی حەق و ڕەمزی: ((یەکتایی زاتی ڕەهایە.))(کەسنەزانی و بەرزنجی،٢٠٢٣، ٧٦٦)

سیمورغی قافی مەحوی خەیاڵی میانە قەلب
عەنقایی وەهمی میمی دەمی بێ نیشــانە دڵ (بێخود، ٥٤)

بە ئەفسوون و دوعا تەسخیری ئەو شۆخە چ ئیمکانە
خەیاڵی خاوە عەنـــقا ناکەوێتـــە داوی ئـــــەفسانە (مەحوی، ٣٢٠)

فەریبی دڵ دەدەم دایم بە موژدەی ڕوئیەتی حوسنت!
ئەگەرچی وەصڵی تۆ عەنقا صیفەت هەر ناوە، دەیزانم (سالم، ٤٥٠)

ئەگەرچی میهرەبانی حوکمی وەک عەنقایە لەم عەهدە
غـــــولامی تالیعی خۆمــــــم کە دیلی دڵنـــەوازێکم (سالم، ٤٤٥)

مەسەلی عەهد و وەفا وەک مەسەلی عەنـــقایە
پیاوەتی باسی لەکن کەس مەکە، ئادەم بووە قات (مەحوی، ٩٦)

لە شیعری کلاسیکی کوردیدا جگە لە مانا تەسەوفییەکەی کە ئاماژەیە بۆ یەکتایی خودا، واتایەکی دیکەیشی لێ دەخوڵقێت کە ((کینایەیە لە شتێ کە ناوی ببێ و خۆی نەبێ.))(مودەریس و ئەوانی تر، ٢٠١٥ ،١١٢٩) شاعیرانی کلاسیکمان تایبەتمەندی نەبوونی ئارکیتایپەکە دەخوازن و دووبارە وەک ئاماژەیەک لە خزمەت حاڵ و ڕەوشی ناو ڕێگەی تەسەوفییان بەکاریدەهێننەوە. بەو جۆرەی کاتێک ویستبێتیان وەسفی شتێک بکەن کە خەیاڵی بێت، یاخود بوونی نەبێت، دەنگی هەبێت و ڕەنگی نەبێت، بە عەنقا ناویان هێناوە. کە زیاتریش ماناکەی ڕووە و ئەو باسانەیە کە پەیوەندە لەنێوان سالیکان و خودادا. لەناو ئەو وەسفانەدا بابەتی میهرەبانی و وەفا تانوپۆی مانای ئەم ئارکیتایپە داگیردەکات.

سەدای یاحەییی دەروێشان، نەوای یاهوویی دڵــڕێشان
لـــە دەوری خانەقادا بوو بە جیسم و ئیسمی عەنقاکەم (وەفایی، ١٩٤)

وەفایی ئارکیتایپی عەنقا بە مانای نەبوون لە کەشی خانەقادا دەخاتەڕوو؛ دیارە لە خانەقەدایە و کۆڕی زیکر و حاڵی عاشقان گەرمە؛ سالیکان زیکری یا حەیی و یا هوو دەکەن. وەفاییش وەک بەشێک لەم کۆڕ و دڵگەرمییە لە حاڵی عاشقی و وەسڵی ئەویندارییانەی بە خوداوە، دەنگدانەوەی ئەم زیکرانە ڕۆحی لە جیسمی دەهێنێتەدەر و بەدەنی دەخاتە دۆخی نەبوونەوە، بەتەنها هەر ڕۆحی دەمێنێتەوە، کە ئەویش واسڵ دەبێت بە خوداوە و فەنا دەبێت.

## ئەنجام

١. ڕەخنەی ئەفسانەناسی کە بناغەیەکی ئەفسانەیی پێکهاتەی میتۆدەکەی پێکدەهێنێت، ئەفسانە و ئایینیش وەک دوو هێڵی پێکداچوو کە دەبنە بنەما بۆ یەکتری، وا دەکات ڕەخنەی ئەفسانەناسی میتۆدێکی پەسەند بێت بۆ لێکۆڵینەوە لە دەقی شیعری کلاسیکی کوردیمان، کە بەشی زۆری بە بیروباوەڕی عیرفانیانەوە نووسراوە.
٢. شیعری کلاسیکی کوردی تەژییە لە ئارکیتایپی وێنە عیرفانییەکان، کە دەتوانین پەیوەست بە فەرهەنگی هاوبەشی عیرفانی و سیاقی کولتووری کوردییەوە شیکردنەوەیان بۆ بکەین، تا مانا هاوبەشەکانی ئارکیتایپەکانی ناو ئەدەبیاتی

عیرفانی جیهانیمان، به مۆرک و شوناسی کوردییانەوە دەستبخەین. هاوکات بۆمان ڕوونبێتەوە شاعیرانمان چۆن ئارکیتایپەکانیان لە دەقەکانیاندا بەکارهێناوە.

٣. بە شیکردنەوەی ئارکیتایپی وێنە عیرفانییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، دەتوانین بە بینایییەکی ڕوونەوە دەقە شیعرییەکان ببینین و لە مانا و مەبەستە جەوهەرییەکانی تێبگەین.

٤. بەو پێیەی زۆرینەی شاعیرانی کلاسیکی کوردیمان ڕێبواری ڕێبازێکی سۆفیگەری بوون، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئارکیتایپی وێنە عیرفانییەکانەوە لە دەقە شیعرییەکاندا، بیروباوەڕی عیرفانی و حاڵ و بارودۆخی سۆفیانەیان بەیانکردووە، کە بە شیکردنەوەی وێنە ئارکیتایپەکان لای هەر یەکێکیان، بەپێی چۆنیەتی بەکارهێنانی لە کەشی شیعرەکەدا و ماناپێدانی، بە قۆناغ و ئاستی ڕۆحی و پێگەی عیرفانیانەیان دەگەین.

٥. شاعیرانی کلاسیکی کوردیمان بەهۆی بەکارهێنانی ئارکیتایپی وێنە عیرفانییەکانەوە، سامانی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردییان بردۆتە ئاستێکی باڵاوە و کردوویانەتە هاوشانی ئەدەبیاتی عیرفانیی جیهانی. نموونەی دەقە شیعرییەکانی شاعیرانمان و وەستایەتی هەر یەکەیان لە هێنانەوەی ئارکیتایپە دیاریکراوەکاندا بەڵگەی ئەم ئەنجامەن.

## سەرچاوەکان

### زمانی کوردی:

- ئـ قورئانی پیرۆز، و. هەژار موکریانی، چاپخانەی اسوه :ئێران.
- ئیبراهیم مەولوود حەسەن(٢٠٢٠)، گەڕان بەدوای نەمریدا، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس؛ سلێمانی.
- اسماعیل، ڕێبوار محەمەد(٢٠٢٤). شێوازی هێڵی گشتی و تایبەتی شعره سۆفیگەرییەکانی صافی لە ئاستی هزرید ا. گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان. بەرگی ٢٨. ژمارە، ٥زانکۆی سەلاحەدین. هەولێر. https://doi.org/10.21271/zjhs.28.s5.2
- حسێن، جەمال(٢٠٢٠)، ئاینی خۆشەویستی، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس: تاران.
- حەسەن، فەرهاد عەزیز(٢٠٢٢)، ئەفسانەی ئەژیدەهاکە یان داستانی زوحاک. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی. ژمارە(٥٢). https://scispace.com/papers/yaefsnaey-yaejydaehkhae-yn-dstny-zwhkh-3gcfbgve
- حیجاز، محەمەد(٢٠١٢)، شوناسی ئۆلی و فەلسەفەی نەتەوەی کورد، چاپی(؟)، چاپخانەی کەمال؛ سلمانی.
- خەزنەدار، مارف(٢٠٠١)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوڕردنەوەی ئاراس: هەولێر.
- الدرويش، عيد(٢٠٢٢)، فەلسەفەی سۆفیزم لەئاینەکاندا (لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفییە)، و.ئیبراهیم احمد شوان، چاپخانەی هێڤی: سلێمانی.
- دەروێشیان، عەلی ئەشرەف(٢٠٠٣)، ئەفسانە و ڕازی کوردی، و. عەزیز گەردی، چاپ و پەخشی سەردەم: سلێمانی.
- دیوان و شەرحی حاڵی شێخ ئەحمەدی کۆر(١٩٩٩)، کۆکردنەوەی عەزیز موحەممەد پور، چاپخانەی پەیام: تاران.
- دیوانی ئەسیری (٢٠٠٦)، د. کوردستان موکریانی، بڵاوکراوەی ئاراس: هەولێر.
- دیوانی ئەمین ئوشنوویی (١٩٩٨)، ئەحمەد بەلەدی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی: (؟)
- دیوانی بێخود (٢٠١٢)، کۆکردنەوەی موحەممەدی مەلا کەریم، بڵاوکردنەوەی کوردستان: سنە.
- دیوانی حەریق(١٣٦٨)، لێکدانەوەی سەیدنەجمەدینی ئەنیسی، چاپەمەنی محەمەدی سقز: مەهاباد.
- دیوانی حەمدی(١٩٨٤)، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لەسەرنووسینی جەمال محمد محمد ئەمین، چاپخانەی ئۆفسێتی(انتشارات محمدی سقز): مەهاباد.
- دیوانی خاکی(١٩٧٨)، شێخ محەمەدی خاڵ، لەچاپدراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد: بەغداد.
- دیوانی زاری (٢٠٠٤)، محەممەد سادق، بڵاوگەی محەممەدی سەقز: سەقز
- دیوانی سالم(٢٠١٥)، ساغکردنەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و ئەوانی تر، بنکەی ژین: سلێمانی.
- دیوانی سەید کامیلی ئیمامی(٢٠٢٢)، شیکردنەوەی ئەنوەر سوڵتان، بەرگی یەکەم، بنکەی ڕۆشنگەری: ئەڵمانیا.
- دیوانی صافی هیرانی (١٩٧٣)، گیو موکریانی، چاپخانەی کوردستان: هەولێر.
- دیوانی عاصی(٢٠٠٨)، ئامادەکردنی عەزیز گەردی، دەزگای تەفسیر: هەولێر.
- دیوانی کەمالی (١٩٨٦)، کەمال عەلی باپیر، دار الشؤون الثقافية العامة: بەغداد.
- دیوانی مەحوی(١٣٨٤)، لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کەریم، انتشارات کردستان: سنە.
- دیوانی موخلیس(٢٠١٠)، لێکدانەوە و ساغکردنەوەی بەشێک لە دیوانی موخلیس، د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان، چاپخانەی سپیرێز: دهۆک.
- دیوانی میرزا غەفور (١٩٩١)، عەبدوڵڵا ئاگرین، دار الکتب: بەغداد
- دیوانی ناری(١٣٨٣)، لێکدانەوەی کاکەی فەلاح، انتشارات کردستان: سنە.
- دیوانی وەفایی(٢٠١٦)، لێکۆڵینەوەی محمد علی قەرەداغی، ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا: سلێمانی.
- دیوای نالی(١٣٧٩)، لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، انتشارات کردستان: سنە.

- سەجادی، عەلائەددین(١٣٩٥)، مێژووی ئەدەبی کوردی، انتشارات کردستان: سنه.
- سوهرەوەردی (٢٠٢٢)، دە مرواریی دەریای ئەزەل(کۆی نامە گوسییەکانی شێخی ئیشراق، سوهرەوەردی). و. هاوژین مەلا ئەمین، بەرگی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس: سلێمانی.
- شەبستەری، شێخ مەحموود(٢٠١٨)، گوڵشەنی ڕاز، و.سەباح بەرزنجی، چاپخانەی تەفسیر: هەولێر.
- شوان، ئیبراهیم احمد(٢٠٢٣)، لەبارەی مەعریفە و عیرفان و سۆفیزمەوە، چاپخانەی هێڤی: سلێمانی.
- عارف، محەمەد نووری(٢٠٠٩)، فەرهەنگی دیوانی شاعیران( نالی-سالم-کوردی)، دەزگای ئاراس: هەولێر.
- کەسنەزانی و بەرزنجی، بوشرا و سەباح(٢٠٢٣)، فەرهەنگی پیران، دەزگای سەردەم: سلێمانی.
- لی-مۆرگان و ئەوانی تر، ویڵفرێد(٢٠١٤)، بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی، و. ساماڵ ئەحمەدی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات: هەولێر.
- مەلا ئەمین، هاوژین(٢٠١٥)، ئەفسانە و ئایین و زانست، ماڵی سوهرەوەردی: سلێمانی.
- مەنتک، حەمە(٢٠١٩)، سیمۆلۆژیای گێڕانەوە، چاپخانەی سەردەم: سلێمانی.
- نەقشبەندی، شێخ ئەمین شێخ علائەدین(٢٠٢٣)، تەصەووف چییە؟، چاپخانەی چوارچرا-ناوەندی بێخود: سلێمانی.
- هاڵبرێگ و دانەرانی تر(٢٠١٠)، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، و. ئەنوەر قادر محەمەد، کتێبخانەی یادگار: سلێمانی.
- یۆنگ، کارل گۆستاڤ(٢٠١٩)، مرۆڤ و هێماکانی، و. ڕوقیە سەییدی، ناوەندنی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە: هەولێر.

**- زمانی فارسی:**

- اقبال، فرشید(١٣٩١)، فرهنگ واژگهن عرفانی در ادبیات فارسی، چاپ و انتشارات اقبال: تهران.
- سجادی، سید جعفر(٢٠٠٤)، فرهنگ اصطلاحات و تعبیرات عرفانی، انتشارات طهوری: تهران.
- عراقی، فخرالدین ابراهیم(١٣٥٣)، رساله لمعات و رساله اصطلاحات، چاپخانه فردوسی: تهران.
- قائمی، فرزاد(٢٠٠٩) ،اسطورة در شناخت ادبیان ، پژوهشی نقد ادبی، ٣(١١-١٢). https://civilica.com/doc/1837431
- گوهرین، سید سادق(١٣٨٢)، شرح اصطلاحات تصوف، برگ٧، انتشارات زوار: تهران.
- نصیری، محمد، افراسیاب پور، علی اکبر، و احمدی، فریبا (١٣٩٧) ، نماد عرفانی رنگ در هنر و معماری اسلامی، عرفان اسلامی (ادیان و عرفان)، ١٤(٥٦ )، ٥٣-٧١. https://sid.ir/paper/513492/fa .

## زمانی عەرەبی:

-النیشابوری، فریدالدین العطار(٢٠٠٢)، منطق الطیر . ت. الدکتور بدیع محمد جمعه، دار الاندلس: بیروت-لبنان.

## زمانی ئینگلیزی:

- Abrams, M.H(2015), A Glossary of Literary Terms , cengage learning: Canada.
- Babaei, Ali(2021), THE BOILING CIRCLE, THE ROTATING CIRCLE(Two kinds of symbols of the Circle in Islamic Tradition) , wisdom, 2(18), (162-175),
- https://10.24234/wisdom.v18i2.484
- Baldic, chris(2001), The Concise oxford dictionary of literary terms, oxford university press: united states.
- Barnhart, Robert K.(1988), the barnhart concise dictionary of etmology, harpercollins publisher, library of congress cataloging-in-publication data: new York- united state of America.
- Dobie, Anna B(2012), theory into practice an introduction to literary criticism, wadsworth cengage learning: united states of America.
- F.R.G.S.,&c., james Donald(1872), etmological dictionary, W. &R. chambers: London and Edinburgh.
- Gijo and George, Divya and Kevin(2021). Archetypal criticism: A Brife study of the discipline and the sempiternal relevance of its pioneers, international journal of English literature and social sciences, vol-6, issue-2, (54-60). https://dx.doi.org/10.22161/ijels.62.11.
- Gimenez, Carolina(2020), Humanity remebers: on jung, mythological criticism and archetypes , Bridging cultures, no.5(58-70). https://erevistas.uca.edu.ar/index.php/BRID/article/view/3277/3239
- Murfin, ross(2018), The Bedford Glossary of Critical and Literary Terms, Supriya M.ray, Macmillan learning: bosten-new York.
- Roque, maria-Angels(2009), Birds: metaphor of the soul, Quaderns de la Mediterrània:(?).
- Syzdykova and zharylgapov, B.E. and ZH.ZH(2023), ЕУРАЗИЯ ГУМАНИТАРЛЫҚ ИНСТИТУТЫНЫҢ ХАБАРШЫСЫ, NO.3, (172-184). https://ojs.egi.kz
- Wilkinson, Philip(2009), Myths&Legends, DK publishing: New York-United state.
- Sasani and sotoodeh, samira and negar soroori(2023), A Comparative Analysis of Birds as Archetypes in the World Literature: A Jungian study of Selected Poems by Attar, Coleridge, and Agbemabiese, literary theory and critici, vol(3), no(17). 10.22124/NAQD.2024.25811.2519

**آركيتايب الصور العرفانية في الشعر الكلاسيكي الكوردي**

**ساوين عبدالرحمن محمد**
جامعة السليمانية–كلية اللغات–قسم الكردية
Sawenabdull5@gmail.com

**بشرى قادر الكسنزانى**
جامعة السليمانية–كلية اللغات–قسم الكردية
bushra.kaka@univsul.edu.iq

**الملخص**
هذا بحث الذي بين أيدينا تحت عنوان (آركيتايب الصور العرفانية في الشعر الكلاسيكي الكوردي)، و هو جزء مستنهل من رسالة ماجستير. اتبعنا فيها المنهج التحليلي الأسطوري لتحليل الصور الآركيتايب ومن هذا المنطلق استفدنا من من هذا المصطلح الذي اطلقه و استخدمه عالم علم النفس(كارل كوستاف يونغ)، من أجل تحليل النصوص الادبية في إطارها الأسطوري. لأن اركيتايب يدل على الوعي الجمعي البشري و مخزون فيه التجارب و الذكريات المخزونة، و القصص و الصور و الرموز و العلامات التي تعتبر مخزون ثقافي و معرفي قديم في ذاتها. و بقت كميراث معرفي و ثقافي للمجتمعات وحافظ على نفسها في نفسها بمشاركة اللاوعي الجمعي.

المادة التي اشتغلنا عليها في هذا بحث هي الشعر الكلاسيكي الكوردي، ولاسيما شعر شعراء المتصوفة أو ينتمون إلى طريق التصوف. وبالأخص تلك الاشعار التي كتبت باللهجة الكوردية الوسطى. في هذا العمل نأخذ تلك الصور أو الرموز اركيتاب الموجودة في الشعر الكلاسيكي الكوردي. ثم حللنا تلك النماذج بالإستفادة و الرجوع الى المعاجم و المفردات العرفانية/ الصوفية و ربطها بالاجواء والبيئة الكوردية المعاشة آنذاك في الاشعار. و في الختام بيينا وجهة النظر المرتبطة بالأسطورة في ضوء الدراسات الأسطورية حيث ظهر الأسطورة كعنصر ديني في (العرفان/ التصوف) من خلال تحليلنا للنص الكلاسيكى الكوردي.

**الكلمات المفتاحية:** الأسطورة، النقد الأسطوري، الاركيتايب، التصوف، الشعر الكلاسيكى الكوردي.

**Archetypes of Mystical Imagery in Classical Kurdish Poetry**

**Sawen Abdalrahman Mohemmed**
University of Sulaimanyah-College of Languages-Department of Kurdish
Sawenabdull5@gmail.com

**Bushra Kadir Kasnazani**
University of Sulaimanyah-College of Languages-Department of Kurdish
bushra.kaka@univsul.edu.iq

**Abstract**
This study, titled “Archetypes of Mystical Imagery in Classical Kurdish Poetry,” is a master thesis that investigates the presence and significance of archetypal symbols within Kurdish literary heritage. Rooted in mythological critique and guided by Carl Gustav Jung’s psychological theories of archetypes, the research analyzes classical Kurdish poems through a mythopoetic lens.

The archetype, conceptualized as a primordial element of collective human consciousness, encompasses a wealth of shared experiences, memories, symbols, and narratives. Preserved across generations, these archetypes manifest as cultural touchstones that transcend temporal and geographic boundaries.

In this research, our focus is on classical Kurdish poetry, specifically selecting poems only from poets who adhere to the principles of mysticism. The selected poems are exclusively those written in the Central Kurdish dialect.

The work is structured in a way that identifies certain archetypal mystical images within classical Kurdish poetry. Later, to interpret these archetypes, we draw upon Kurdish mystical and mythological culture embedded in the poems.

Finally, through a mythological lens, we explore how myth as a component of religion (mysticism) is reflected in classical Kurdish texts, and how mystical pursuits are portrayed.

**Keyword:** myth, mythological criticism, archetype, mystical, classical Kurdish poetry.